# له داوێنی ئاربەباوە



## ژماره ٦

ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە


سەرنووسەر: ک. د. ئازاد

کاناڵی تێلگرامی: @Le_Daweni_Arbebawe

سەرماوەزی ٢٧٢٠

| وتار،وێنە، کاریکاتۆر و.. | لاپەڕە | شێعر | لاپەڕە | چیرۆک | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| بانە. ئاودێر | ٢ | خاڵند ئەحمەدی، بۆکان | ٢٠ | بانە. باوکی نیشتمان | ٣٠ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ٤ | مەهاباد.سەید نووح عینایەتی "نەبەز" | ٢٠ | بانە. غەفوور ساڵحی | ٣٤ |
| سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی | ٨ | بانە. ک.د.ئازاد | ٢١ | بانە. ک.د.ئازاد | ٤٩ |
| سەقز.ئەحمەد یاسینی "پشکۆ" | ١٤ | هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | ٢٣ | | |
| مەهاباد. سەید مەحموود موکری | ١٧ | بانە. شەیدا ئەحمەدی | ٢٤ | | |
| ڕەبەت. محەممەد حەسەن نژاد | ١٨ | مەهاباد. ئیلاهە پیرۆتی "دلۆڤان" | ٢٤ | | |
| هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | ٢٢ | ئیلام. مستەفا بەیگی | ٢٥ | | |
| بانە. ئیسماعیل غەمگین | ٢٦ | بۆکان. هیدایەت ئازەری"خەمبار" | ٢٥ | | |
| سنە. پژمان حەبیبی | ٣٢ | ئازاد بەرزنجی | ٣٣ | | |
| بۆکان. برایانی قوڕەیشی | ٤٠ | کرماشان. کۆچەر | ٣٣ | | |
| سنە. پژمان حەبیبی | ٤٥ | ڕەبەت. غەفوور قادری (بڕوا) | ٣٩ | | |
| | | بۆکان. حوسێن ئەندان " کوردە " | ٣٩ | | |
| | | بۆکان. ئاسۆ | ٤١ | | |
| | | بانە. ئاودێر | ٤٢ | | |
| | | مەهاباد. سووتاو | ٤٣ | | |
| | | سەقز. فەریدەکاکی | ٤٣ | | |
| | | مەهاباد.دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | ٤٦ | | |
| | | بۆکان.ئیسماعیل تەبباک ( شمشاڵ) | ٤٧ | | |
| | | بانە.عەبدولباست کەریمی(ژیرۆ) | ٤٧ | | |
| | | مەهاباد. سارکۆ | ٤٨ | | |
| | | هەوراز- جوانڕۆ | ٤٨ | | |

# به بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا جەلالی مەلەکشا




شێعری سەر ئەم وێنەیە هی " ک.د.ئازاد"ه
بە داخەوە، زۆر کەس، کە لە شێوازی شێعر ناگەن، بە ناوی مامۆستا جەلالی مەلەکشا بڵاویان کردۆتەوە!

قەرەباڵغێکی زۆر بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ ناشتنی تەرمی دوکتۆر برایمی یۆنسی!
لاوێک شان بە شانی من دەڕۆیشت. لێی پرسیم:
ئەم پیاوە چ کارە بوو؟
بە سەرسوڕمانەوە وتم: نووسەر و وەرگێڕی کورد بوو! چۆن نەت دەناسی؟ وتی: نە بە داخەوە!
دوایی پرسیارم کرد: خەڵکی کوێی، کار و بارت؟
وتی: بانەیيم و دانشجووم!
زۆر پێم سەیر بوو!
زۆربەی ئەوانەی هاتبوون بۆ ناشتنی تەرمی دوکتۆر برایمی یۆنسی، سەدی هەشتای تەنانەت یەک کتێبی ئەویان نەخوێندبۆوە. بەڵام هەروا لەو پەڕی ئیحساسەوە و ڕەگەڵ ڕەگەڵ هاتبوون بۆ بەڕێکردن و ناشتنی تەرمی پیرۆزی دوکتۆر یونسی!
جەلالی مەلەکشا داهێنەری سەدان شێعری بێ وێنە و هەزاران وشەی پڕ بایەخە.
لە ناو ئەهلی قەڵەم دا جێ پەنجەی دیارە و ناسراوە. لە مێژووی ئەدەبی کورد دا بۆ هەمیشە وەک شاعیر و نووسەر ناوی دەمێنێ! بەڵام نەسلی ئەمڕۆ زۆر کەم لە گەڵ ئەو شاعیرە و شێعرەکانی ئاشنان. ئەو جۆرە کە دەبێ لاوانی کۆمەڵگای ئێمە بیناسن و ڕێزی لێبگرن و بەرهەمەکانی وەخوێنن، بە داخەوە وانەبوو. زۆر غەریبانە ژیا.
بە قولی خۆی فەرمووی: لە تەنیایی دا ژیا و لە تەنیایی دا کۆچی کرد!
پاش ڕۆیشتنی گەلێ حەسرەت لە دڵی هەموومان دا مایەوە. هەزار خۆزیا و بریامان خواست و فرمێسکمان ڕشت کە...!
زۆر کەس دوای کۆچی ئاخیان هەڵدەکێشا و دەیان وت: خۆزگە.....
مامۆستا جەلالی مەلەکشا، وەک زۆربەی هونەرمەندان، شاعیران و نووسەران، لە ماوەی ژیانی خۆی دا، وەک پێویست نەناسرا. ئەوانەی لایەنگری ئەو بەڕێزەش بوون زۆرتر لە ڕووی دەمارگیری و هەستیاری ناویان دەهێنا وکەمتریان چوونە ناو ناخی بەرهەم و شێعرەکانی و وەک شیاوی ئەو مامۆستایە بێ، نەیانناسی!
لە کاتی مەرگیشا بە داخەوە کۆڕۆنا نەیهێشت ئەو جۆرە کە شیاوی شاعیرێکی نەتەوەیی و گەورەیە، دۆستان و لایەنگرانی بچن و تەرمەکەی بە خاکی کوردستان بسپێرن!

هەیاران، با ئەمە زەنگێکی پڕ مەترسی بێ بۆ خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان، کە تا ئەو گەورە شاعیر، نووسەر و هونەرمەندانە لە ناومان دا ماون، ئەو جۆرە ڕێزیان لێبگرین کە شیاوی ئەوانە. چون پاش ڕۆیشتنی ئەوان نە گومبەزی سەر مەزار و نە پەیکەرەی تەلا، کەڵکی نییە و چاری ئەوان ناکا!

سەرنووسەری گۆڤاری" لە داوێنی ئاربەبا"
**ک.د.ئازاد**



بانە. ئاودێر

## وانەی شەشەم

### دیفتۆنگ یان (پیتی دوولایی – وی – وێ – وا )

لەم وانەدا ڕا و بۆچوونی (مامۆستا هێرش بێتووشی) وەرگیراوە و بەم جۆرە لە سەر دیفتۆنگ یان پیتی دوولایی ئەدوێ کە جێی سەرنجە.

دیفتۆنگ ئەو دەنگەی ئاخاوتنە کە تامی دوو دەنگی سەر بە خۆی ئاخاوتنی تێدایە، بەڵام هیچ کامێکیشیان نییە. مەرجی سەرەتایی و بنجی ئەو تەرزە دەنگە ئەوەیە کە دەبێ وەک دەنگەکانی دیکە لە خۆوە هەبێ، نەک بەرێکەوت لە کەوتنە تەنیشت یەکتری دوو دەنگ پەیدا ببێت. چونکە لەم حاڵەتەدا دەنگە تێکەڵەکە دەبێتە دیاردەی دەربڕینی ناوچەیی نەک دەنگی نژادی زمانەکە.

ئەگەر نەختێک لە سەرخۆ ئەو وشانە بخوێنینەوە کە دیفتۆنگیان تێدایە، بۆمان دەردەکەوێ کە، وەک دەنووسرێن ئاوها ناخوێندرێنەوە؛ چونکە لە نووسیندا ئەو دوو پیتە دوا بە دوای یەک دێن، بەڵام لە دەربڕیندا هیچیان پێش ئەوەی تر ناوترێت، بەڵکوو پێکەوە و بە تێکەڵاوی و وەک یەک بزوێن لە دەم دێنە دەر. واتا نووسینیان دەگەڵ دەربڕینیان یەک ناگرێتەوە، بەم جۆرە دەنگە بزوێنانە کە لە دوو بزوێن یان دوو دەنگ پێک دێن،«دیفتۆنگ» یان پیتی«دوولایی» دەوترێت.

پیتی دوولایی (وی) وەکوو: کوین، هەنگوین،...

(ک+وی+ن)، (هـ+ە+ن)، (گ+وی+ن)

پیتی دوولایی (وێ) وەکوو: کوێ، گوێ،...

(ک+وێ)، (گ+وێ)،

پیتی دوولایی (وا) وەکوو: سوار، چوار،...

(س+وا+ر)، (چ+وا+ر)،

لە ڕێنووسی لاتیندا پیتی دوولایی وی بەم جۆرە ((ue،

وێ بەم جۆرە ( (uê

وا بەم جۆرە ( (waدەنووسرێن.

## وانەی حەوتەم

سەرنجتان بۆ لێدوانی (مامۆستا هێرش بێتووشی) لە سەر دووپیتی بێدەنگی« ئـ – ڕ » ڕادەکێشم کە پسپۆڕانە لەسەر شێوەی دربڕینی ئەو دووپیتە ئەدوێ.

لە زمانی کوردیدا پیتی « ئـ » هەمزە دەنگێکی یاریدەر و وەکوو هەر بێدەنگێکی تر لە سەرەتای ئەو وشانەوە پەیدا دەبێ کە بە بزوێن دەست پێدەکەن. پیتی« ئـ » تەنیا بە لای هەڵکشاویدا کە چەشن و سروشتی خۆیەتی درێژ دەکرێتەوە و دەبێتە (ئا– آ). کە وابوو دەتوانین بڵێین (آ) درێژبوونەوەی (ئـ )یە و (ئـ) و (آ) یەک پیتی دوو وێنەییە. بەو پێیەش دەشێ هەر دوو وێنەکە پێک بگەن و (ئا) پێک بێنن لە سەر ئەو بناغەیە کە یەک پیت بێت. ئەم تایبەتیەش کە (ئا) هەیەتی بە هۆی تێکەڵ بوونیەتی دەگەڵ هەمزە کە پیتێکی بێدەنگە و هەموو بێدەنگێکیش توانای کەوتنە پێشەوەی هەیە.

ئامانج لە نووسینی پیتی « ئـ » لە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لەوە دایە کە:

١- کرکی دەکەین. لە زمانی کوردیدا هەرچی بوترێ، دەنووسرێت.

٢- دەوری بڕگەکاری دەبینێت.

۳- لە سەرەتای وشەدا دەنگدار نایەت.

۴- دوو دەنگدار بە یەکەوە نایەن.

۵-چون لە رێنووسی عەرەبیدا پیتی« ئـ » هەیە و ئێمەش بەو رێنووسە دەنووسین.

۶-یەکێ لە پیتە کۆنەکانی « ماسی سۆراتی »یە.

**تێبینی**:

پیتی « ئـ » لە رێنووسی کوردیدا تەنیا لە سەرەتای وشەدا دێت، لە ناوەندی وشەدا تێدەچێت؛ وەک تێچوونی لە دوو وشەی لێکدراوی (گوڵ + ئاو = گوڵاو، ماست + ئاو = ماستاو)دا، لەکۆتایی وشەشدا بە هیچ شێوەیەک نایەت؛ بێجگە لە وشەی « نەء » کە ئەویش بە زۆری دەکرێ بە « نا »

لە رێنووسی لاتیندا هیچ نیگارێک بۆ پیتی « ئـ » دیار نەکراوە، بەڵام ناوەندی فێرگەی زمانی کوردی سۆما پیتی « ɬ »زمانی ماسی سۆراتی بۆ داناوە.

## پیتی بێدەنگی « ر »

دەنگی « ر » لە رێنووسی کوردیدا دوو جۆرە:

۱- « ر » سووک، لەڕ

ئەم پیتە لە دوو زمانی فارسی و کوردیدا دێت و دەکار دەکرێ، بە هیچ جۆرێک لە سەرەتای وشە و برگەدا نایەت و ئەگەر هات گڕە. بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتاییدا دەردەکەوێت. وەکوو: گراو، بەهار،...

۲- « ڕ » قەڵەو، گڕ

ئەم دەنگە لە دەسپێکی وشە و برگەدا هەمیشە گڕە و لەرانەوەی مەڵاشوو لە پیتی « ر » ی کز جیای دەکاتەوە. بۆ دەربڕینی « ڕ »ی قەڵەو زمان برێک بە ماڵی بە بناری ددانەکانی سەرەوە دەچەسپێت و لە بۆشایی گەرووەوە دەنگەکە بەلاگوپاندا دەبێژرێت.

وەکوو لەم وشانەدا هاتووە: ڕازاوە، ڕاڕا، ڕەوڕەوە، ڕێڕەو،...

روناکبیرانی کورد تا ئێستا بۆ نووسینی پیتی « ڕ » سێ شێوەیان بە کار هێناوە.

۱- بە دوو « رر »ێ نووسیویانە. وەکوو: پرر، برریار، کررین، دررین،...

کە ئەم شێوە نووسینە هەڵە دەرچووە و پاش گوێ خراوە.

۲-نیشانەی چەڵەمەی « ٧ » خراوەتە سەر. وەکوو: پرٚ، برٚیار، کرٚین، درٚین،...

بەڵام لەبەر شێوانی وشەکە و چوونە سەر شێوەی « ژ » سەری نەگرتووە.

۳- نیشانەی « ٧ »ی خراوەتە ژێر. وەکوو: پڕ، بڕیار، کڕین، دڕین،...

کە ئەمە لە هەر دوو رێگای سەروو راسترە و چەسپاوە.

ئەم پیتە لە زمانی لاتیندا بەم شێوە ( Ȓ–ȓ)دەنووسرێت.

**تێبینی**:

۱-پیتی « ڕ » لەسەرەتای وشەدا هەمیشە قەڵەوە، نیشانەی بۆ دابندرێ یان دانەندرێ، ناگۆڕێت.

۲-دوو پیتی « ڕ » ئەگەر بەدوای یەکدا هاتن و یەکەمیان گڕ بوو، بێشک ئەوی تریش گڕ دەبێت، نیشانە دابندرێ یان دانەندرێ. وەکوو: کڕرا، بڕرا، دڕرا،...

لە کوردیدا وشە نییە دوو « ڕ »ێی لەسەر یەک تێدابێت، ئەگەر هاتوو بەرچاو کەوت دیارە رستەیە.

۳- پیتی « ڕ » لە هەندێ وشەی فارسیدا کرک دەکرێت. وەکوو: (کەڕ) کڕ، (پڕگار)،



# ئاریشەی هەڵە و لاسایی لە (گۆرانیی کوردی)دا

## (بەشی دووهەم و کۆتایی)

بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

شێعری «نووری شەم»ی عەباس کەمەندی، گورانیبێژ حەمید محەممەدیان دەیڵێ  و دانیشتووی شاری سنەیە؛ ئەو کاتەی ئەو شێعرەکەی کردە گۆرانی عەباس کەمەندی لە ژیاندا مابوو، کەچی ئەو بەڕێزە ئەوەندەی زەحمەت بە خۆی نەداوە بچێتە لای ئەو هونەرمەندە گەورەیە و ئیزنی لێوەرگرێ و پرسیاریشی لێبکات و شێعرەکە بە بێ هەڵە بڵێ. بە داخەوە کەناڵەکانیش نابەرپرسانە ئەو گۆرانییەیان بڵاوکردەوە. دیارە ئەو بەڕێزە زۆر گوێ ناداتە مانا و ناوەرۆکی شێعر و ڕەنگە بۆشی گرینگ نەبێ و نەشزانێ چ بەڵایەکی بەسەر ئەو شێعرە هێناوە. «قابزی ڕۆحی پەپوولە» دەکاتە «حافزی ڕۆحی پەپوولە» و ناوی کلیپەکەشی هەر ئەو هەڵە زەقەیە و لەوێدا تەواو بە پێچەوانەی مانای شێعرەکەیە و تێکیداوە. قابز بە مانای ڕۆح کێش و مەرگ هێنە (ئیزراییل) و حافز بە مانای پارێزەر و پارێزوانە و هونەری شێعرەکەی شێواندووە و جوانییەکەی لێ داماڵیوە.

پێم دەڵێن فەرمووتە شێتم ئەی بەقوربان ئەو دەمە<br>
باسی شێتیم تا قیامەت گەر بکەی هێشتا کەمە<br>
نەک ئەتۆ عالەم بزانێ شێت و سەرگەردانتم<br>
شێتە گیان عاشق چ باکێکی لە لۆمەی عالەمە

...............................................

وا مەفەرموو چاوەکانم کەس نییە ئاگای نەبێ<br>
قابزی ڕۆحی پەپوولە نووری لەرزانی شەمە

گۆرانیبێژ دەبێ زۆر باش شێعر بناسێ و لە ڕاستیدا دەبێ شێعر ناسێکی لە زەبر بێ و هەر شێعرێکی خوێندەوە لە بنج و بناوانی تێبگات.

بە داخەوە ئەو جۆرە هەڵانە تەنیا تایبەتی گۆرانیی کوردییە و ئەوەش کەمتەرخەمی و نادەروەستیی گۆرانیبێژەکان دەردەخات. من ئەوەندەی گوێم لە گۆرانیی فارسی گرتووە چکۆڵەترین هەڵەی لەو جۆرەم لە گۆرانییەکانیاندا نەدیوە، هەتا ئەو ڕادەیەش لاسایی یەکتر ناکەنەوە. ئەوەش هۆی ئەوەیە گۆرانیبێژەکانی ئەوان شێعر دەخوێننەوە و وەک گۆرانیبێژەکانی ئێمە خۆیان مات ناکەن تا کەسێک شێعرێک بکاتە گۆرانی و خێرا ئەوانیش گوێ لە گۆرانییەکە بگرن و بە هەڵە لە بەری بکەن و بیڵێنەوە؛ دیارە لە ڕێگای گوێچکەوە بە جوانی لە وشەکان تێناگەن و بەو شێوەیە هەڵەی تێدەکەوێت. ئەو پەتایەش بە داخەوە تەنیا لە نێو گۆرانیبێژەکانی ئێمەدا هەیە و لاسایی کردنەوەش دیارە عەیبێکی گەورەیە، بەڵام بەداخەوە بەرۆکی گۆرانیی ئێمە بەرنادات.

بۆ وێنە ئەو گۆرانییەی "محەممەد مامڵێ" کە شێعرەکەی هی "سەید کامیل ئیمامی ئاوات"ە.

من دەڵێم شاری دڵم باخ و گوڵستانە کەچی

ئەقڵ ئەڵێ نا قەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی
لەو شێعرەدا وشەی «قەسەبە» عەرەبییە و بە مانای شارۆچکەیە و چونکە محەممەد مامڵێ کاتی خۆی بە دەست خەت بەدەستی کەوتووە و ڕەنگە شێوەی نووسینەکەی هەڵە بووبێ، دەڵێ «قسەبە» و دەبوو مامڵێ بیزانیبایە قسەبە لەو شوێنەدا هیچ مانایەکی نییە؛ بە داخەوە گۆرانیبێژەکانی دیکەش کە لاسایی مامڵێ دەکەنەوە هەرکام بە پێی بیستن و سەلیقە و تێگەیشتنی خۆی شتێک دەڵێ. ئیتر ئەوەندەیان زەحمەت بە خۆیان نەداوە چاوێک لە دیوانەکەی ئاوات بکەن و ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە. ڕەزازی دەڵێ «ناپەسەنە»، لانیکەم باشترە مانایەکی هەیە، بەڵام ئەوانی تر دەڵێن «قەسەڵە»، «قەسەنە»، «قسەلە»... بێ ئەوەی هیچ کامیان بزانن مانای ئەو وشەیە چییە و پرسیاریشیان لە کەسێک نەکردووە ئەو وشە چییە و یانی چی؟
هونەرمەندی هێژا عەدنان کەریم شێعرێکی مستەفا بەگی کوردیی کردۆتە گورانی و بەڕاستی ئاوازێکی خۆش و پڕ بە پێستی بۆ داناوە بەڵام بەداخەوە بەیتی دووهەمی شێعرەکەی وەها شێواندووە ئەگەر کەسێک لە دیوانەکەی کوردیدا نەیبینیبێ و نەزانێ شاعیرەکەی کێیە، ڕەنگە سەد جار بە شاعیرەکەی بڵێ دەستت شکێ بۆ شێعرێکی نووسیوتە.

سەدای سەمتوورە کەڵلەم گەرمە ئەمشەو
چریکەی بانگی دڵ بێ شەرمە ئەمشەو
بە ناخون کاری فەرهاد دێ لە دەستم
وەها شاهۆ لە ناڵەم نەرمە ئەمشەو

بەڵام بەداخەوە کاک عەدنان ئەو بەیتە شێعرەی ئاوا لێکردووە:

بە ناخون کاری فەرهادی لە دەستم
وەها شاهۆ لە ناڵەم گەرمە ئەمشەو

کە جگە لە تێکدانی مانای شێعرەکە سەروای گەرمەی دیسان دووپات کردۆتەوە کە لە شێعری کلاسیکدا بە عەیب و لاوازی دێتە ئەژمار.
جگە لە ئاریشەی هەڵە کردن، هەروەک لە پێشدا باسم کرد بەداخەوە لاسایی کردنەوەی زۆر و پەیتا پەیتاش خەریکە هونەری گۆرانی بە قوڕدا دەباتە خوارێ و وێرانی دەکات. بو وێنە ئەم شێعرەی نالی:

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

پێنج ـ شەش گۆرانیبێژ گوتوویانە. هەر ئەمە نیشاندەری ئەوەیە گۆرانیبێژەکان لە خوێندنەوە و کتێب نامۆن، دەنا هەر نالی چەند شێعری دیکەی لەسەر ئەو کێشە هەیە و ئەگەر هەر حەز دەکەن شێعری ئەو شاعیرە گەورەیەش بکەنە گۆرانی دەیانتوانی دیوانەکەی بەدەست بخەن و ئەو شێعرانەی دیکەی بکەنە گۆرانی. جگە لەوەی هەموو شاعیرەکانی تر لەو کێشەدا دەیان شێعریان هەیە.
یەکێکی تر لەو ئاریشانەی کە بەرۆکی گۆرانیی کوردیی گرتووە گۆڕین و شێواندنی ئەو قۆناخ و مێژووەیە کە گۆرانییەکەی تێدا گوتراوە. بۆ وێنە گۆرانیی «لانک لانک لانکۆڵێ» باسی قۆناخێکی تاڵی کۆمەڵگای کوردەواری دەکات کە لەودا کچ بە زۆر دراوە بە مێرد، گەورە بە چووکی پێکراوە، لە بەرخوێن دراوە، یان ژن بە ژنەی پێکراوە؛ یان کچە نابەدڵ و بە زۆرەملێ بە شوو دراوە؛ گۆرانییەکەش لە ڕاستیدا گۆرانییەکی ژنانەیە و دەردەدڵی ژنێکی بە مراد نەگەیشتوو بەیان دەکات کە لە خۆشەویستەکەی دابڕاوە و لە قەفەسی ژیانێکی

نابەدڵدا دیل کراوە. بەڵام چونکە لە کۆندا گۆرانیبێژی ژنمان نەبووە ناعیلاج پیاو گوتوویەتی و لە قەدیمەوە سینگ بە سینگ هاتووە. ژنە لەو گۆرانییەدا لایەلایە بۆ منداڵەکەی دەکات و لێی دەپاڕێتەوە بخەوێت و ئۆقرە بگرێت بۆ ئەوەی بتوانێ هەتا ڕۆژ نەبۆتەوە و دنیا لە ژێر باڵی شەودایە بچێت بۆ ژوانی دڵدارەکەی. کەچی کاک بێژەن کامگار هاتووە ئەو گۆرانییەی گۆڕیوە و پێی وایە ئەو گۆرانییە ناوەرۆکەکەی دیمۆدەیە (مبتذل) و وای لێکردووە ڕووی مەجلیسی هەبێت، بەڵام گۆرانییەکەی نەک باشتر نەکردووە بەڵکوو سووکایەتییەکە بە پیاو زۆر زیاترە، چونکە لە گۆڕینەکەی ئەودا پیاوەی مێردی ئەو ژنە هەر وەک ئەوەی پێشوو خەیانەتی پێدەکرێ و کڵاوێکی شەرعیشی لەسەر نراوە. چونکە مەحاڵە ژنێک مێردەکەی تا ئەو ڕادەیە خۆش بوێت و خەیانەتیشی پێبکات. گۆرانییەکە ئاوایە:

لانک لانک لانکۆڵێ لانک لە دار هەنارێ
وەستا بێ لە تارانێ، لانکە دروست کا بۆ چاوجوانێ
دەڵێ لە لانکەیدا نانووم دەبا بۆی ساز کەین جۆلانێ
ئەی ڕۆڵە سەر دڵ خڕ بی، باب مردوو بی،
شەو درەنگە بۆ جێژوانێ
ئەوە ڕۆژی ڕووناکە، هەموو عالەم دەزانێ.

بەڵام کاک بێژەن هاتووە ئاوای لێکردووە:

لانک لانک لانکۆڵێ لانک لە دار هەنارێ
وەستا بێ لە تارانێ، لانکە دروست کا بۆ چاوجوانێ
دەڵێ لە لانکەیدا نانووم دەبا بۆی ساز کەین جۆلانێ
ئەی ڕۆڵە سەرکەوتوو بی، باب زیندوو بی،
شەو درەنگە بۆ جێژوانێ
ئەوە ڕۆژی ڕووناکە، هەموو عالەم دەزانێ.

چونکە ئەگەر ژنە مێردەکەی خۆی خۆش بوێ و دوعا بۆ سەرکەوتن و زیندوو بوونی بکات هەوڵ نادا زوو منداڵەکەی بخەوێنێ و بچێت بۆ ژوانی دڵدارەکەی و خەیانەتی پێبکات و مێردەکەی بکاتە... شەرعی!

من ویستم زیاتر هەڵوەستە لە سەر ئەو گۆرانییانە بکەم کە شێعری شاعیرانن دەنا ئەگەر ئاوڕ لە هەموو بوارەکان بدەینەوە و بە تایبەت بچینە نێو دنیای گۆرانیی هەڵپەڕکێوە، بۆمان دەردەکەوێ چ درم و پەتایەک تووشی گۆرانیی ئەو بوارەش بووە و گۆرانیبێژانی نابەرپرس و نادەرووەست چ بەڵایەکیان بەسەر هێناوە. جا لە (کراسی سووری لە بەردایە کراس ڕەش)ەوە بگرە هەتا (باڵاکەت بەرزە ئامان خڕێ گیان) یان ئارەق ئارەقە، سنگی تەختی مەترەقە کە گۆرانییەکە لە ڕاستیدا تەختی مەفرەقە و ئەوان بە مەترەقی لێ حاڵین، مەترەق لە قامووسەکاندا بە مانای کوتکی ئاسنگەرییە، بەڵام خودا بکات گوێگری گۆرانییەکە ئەو شێعرەی شێخ ڕەزای نەخوێندبێتەوە کە دەڵێ:

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بە گۆچان دەگرێ ئێستە لەبەر زەعفی وجوود
مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە

ئەمە مشتێک لە خەڵوارە من بە نموونە هێناومەتەوە و ئەو هەموو هەڵە و شێواندنەی دیکە بە قوربانی چاوی جوان و درک و پۆپەی سەریان بێت. گۆرانی بێژە میللی و ڕەسەنەکان سالآنی زوو نەخوێندەواریش بوون، لەو پەڕی خاکەڕایی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی، بە تەپڵ و نایە، دەهۆڵ و زوڕنا، یان دمەک و دووزەلەیەکەوە حەوت شەو حەوت ڕۆژ خەڵکیان دەلاواندەوە بێ ئەوەی بە قەرای چڵە پووشێک شێعر و وشە بشێوێنن؛ هونەری هەرکامەشیان دەبێ تێز و نامەی ماستەری لە سەر بنووسرێت، چونکە بەوپەڕی دەروەستی و هەستی بەرپرسیارەتییەوە خزمەتیان بە گۆرانی و ئەدەبی فۆلکلۆر کرد و گەشەیان پێدا و هەتا ئەمڕۆیان هێنا؛ بەڵام ئەمڕۆ کەوتۆتە بەر گەردەلوولی دڕ و ڕەق و هەست ڕووشێنی ئۆرگ و چڕنووکی تیژی منداڵە ورتکەی نادەروەست، لووتبەرزانە خەریکن ئاداری بەسەر پادارییەوە ناهێڵن. لە لایەکیشەوە خودا بیانکات بە قوربانی کارەبا و ئەو دەنگە مێشک تەقێنەی ئۆرگ و... دەنا خەڵکی لێیان حاڵی بووبان و بیانزانیبایە ئەو وشانەی ئەوان بەکاری دێنن چییە و چەندە پڕ سووکایەتییە دەیانخستنە سەر عارەبانە و هێلکەباران و شاربەدەریان دەکردن!

دەردەدڵ لەو بارەوە زۆرە بەڵام جارێ بەوەندە بەسەندە دەکەم و هیوا دارم کەسانی دیکەش هەست بە بەرپرسێتی بکەن و بە نووسین و بە ڕێنوێنیی بەرەو ڕوو گۆرانیبێژە کەمتەرخەمەکان لە چەوتەڕێ ڕزگار بکەن و بیانهێننەوە سەر ڕاستە ڕێ. لە سەرەتادا باسی نامۆ بوونی گۆرانیبێژان لە خوێندنەوە و موتاڵاکردنم کرد و دڵنیام ئەم بابەتەش ناخوێننەوە بەڵام من دەینووسم و دەیخەمە بەر دەستی خوێنەران بەڵکوو ئەوان پێشیان پێبگرن و لەوە زیاتر نەهێڵن هونەری گۆرانی ئەنفال بکرێت.

........................................

**سەرچاوە**:

١ـ دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی چاپی یەکەم هەولێر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
٢ـ «شاری دڵ» دیوانی سەید کامیل ئیمامی نشر ئانا. سنە ١٣٩٢
٣ـ گەزیزە کۆمەڵە شێعری سەعید نەجاری ئاسۆ چاپی یەکەم تەوریز چاپخانەی شوعاع ١٣٨٠
٤ـ دیوانی مستەفا بەگی کوردی. چاپی یەکەم بۆکان ١٣٧٨
٥ـ دیوانی هێمن. پەخشانگای ئازادی سلێمانی بەهاری ٢٧٠٨ کوردی
٦ـ دیوانی نالی. چاپی یەکەم. ورمێ. ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەییووبی ١٣٦٩
٧ـ هەوارگەی هەوار. عەباس کەمەندی. چاپی یەکەم سنە پەخشانگای زانستیی کۆلیج ١٣٩٣



# شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی سەربەخۆیی



سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی

## پێشەکی:

دوای ئەوەی لە٣ ی ئاداری ١٩٢٤ هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی ڕوویداو لە دەستوری نوێی تورکیادا لە نیسانی ١٩٢٤ زمانی تورکی بە تاقە زمانی ڕەسمی لە هەموو تورکیادا ناساند، ئەمەش نیشانەی پەراوێزخستنی زمان و بوونی نەتەوە جیاوازەکان بوو لە لایەن تورکیاوە، کە دواتر بووە هۆی هەڵگیرساندنی چەندین شۆڕش و بەرخودان لە لایەن گەلی کوردەوە لە پێناو بەدەست هێنانی مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد، ئێمە لێرەدا لەسەر شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دەدوێین کە ژمارەی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ١٩٢٥ ی پیران بە ٧٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ جەنگاوەر مەزەندە کراوە، کە لەلایەن سەدوپەنجا ئەفسەرەوە بەڕێوە دەبران.

شێخ سەعیدی کوڕی شێخ مەحمودی کوڕی شێخ عەلی، لە ساڵی ١٨٦٠ لە قەزای (پاڵو)ی هەرێمی (ئالازغ) لە باکوری کوردستان لە دایکبووە، شێخ عەلی باپیر دوای نیشتەجێ بوون لە "پاڵو" نازناوی شێخ عەلی پاڵوی وەرگرتووە، شێخ سەعید لە سەر دەستی باوکی و موریدەکانی باوکییەوە فێری نووسین و خوێندن بووە، زانستی فیقە و شەرعی ئیسلامی و مێژووی خوێندووە. دوای تەواو کردنی خوێندن مۆڵەتی وانە ووتنەوەی شەرعی پێدراوە، وانەی شەرعی بە قوتابیان وتووەتەوە. دوای کۆچی دوایی باوکی دەسەڵات و کاروباری خەڵکی ئەو ناوچەیە دراوە بە شێخ سەعید، ئەویش بۆتە ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی لە (پاڵو)، زیاتر لە هەزار موریدی هەبووە، لەناو موریدەکانیدا تورکیش هەبوون.

شێخ سەعید وەک شێخەکانی سەردەمی خۆی نەبووە، ڕازی نەبووە کە دەروێش و موریدەکانی، یان خەڵکی تر دەستی ماچ بکەن و کڕنوشی بۆ بەرن، هەمیشە خۆی لە ئاستی خەڵکدا ڕاگرتووە، خۆی لەوان بە گەورەتر نەزانیوە.

## هەڵگیرساندنی شۆڕشی پیران بۆچی؟!

شێخ سەعید وتوویەتی (ئیسلام بناغەی یەکێتی نێوان کورد و تورک بوو، تورکەکان ئەو بناغەیان شکاند، بۆیە کوردەکان دەبێ لە ئێستادا دواڕۆژی خۆیان بگرنە دەست خۆیان)، لەو ڕوانگەیەی شێخەوە ئەوەی هەردوونەتەوەی بەیەکەوە دەبەستەوە پردی ئاینی ئیسلام بوو، ئەوپردەش لەلایەن تورکەوە دەڕمێنرێت لە دوای ڕوخانی خەلافەتی ئیسلامی و دروست کردنی حکومەتێکی عەلمانی لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە پردی ئاین کە هەردوو نەتەوەی کورد و تورک بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەڕوخێنرێت، لە هەمان کاتدا مافەکانی گەلی کورد پشتگوێ دەخرێت کە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید ئەگەرچی ئەم شۆڕەشە دووچاری شکست دەبێتەوەو لە لایەن داگیرکەری تورکەوە بەناو دادگا پێکدێت بۆ سەرکوت و شەرعیەتدان بە لەناوبردنی شۆڕشگێڕانەوە، دادگا سەربەخۆکان (٧١٤٠ حەوت هەزار و سەدوچل کەسیان دادگایی کرد)، لەوانە ( ٦٦٠ شەشسەدو و شەست کەسیان لە سێدارە دران).

بەپێی سەرچاوەکان زیانی تورک لەم شۆڕشەدا (لە کوژراو و بریندار گەیشتۆتە پەنجا هەزار سەرباز و خەرجی ئەو پارەیەش کە بۆ پێویستیەکانی جەنگ تەرخانکراوە زیاتر لە شەست ملیۆن لیرەی تورکیە)، ڕۆژنامەی (میللیەت)ی تورک، لە ژمارە (١٦٢٤ ی ڕۆژی ١٩ ی ئابی ١٩٣٠) نووسیوویەتی (ئەو برە پارەیەی کە ئێمە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵە بۆ سەرکوتکردنی چەند چەتەیەک خەرجمان کردووە ئەگەر بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر خەرج بکرابوایە ئەوا خێری چاکتری بۆ وڵات دەدایەوە)، ئاماژەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ بچووککردنەوەی شۆڕشەکەو بە




گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



سوک تەماشاکردنێتی بە جۆرێک شۆڕشگێڕان بە چەتە ناودەبات و پێی وایە نەدەبوو بۆ سەرکوتی چەند چەتەیەک ئەو برە پارەیە بەفیڕۆ بدرێت.
لە بارەی ڕێبەری شۆڕشەوە لە بەڵگە نامەیەکدا دەوترێت: (سەرۆکی ڕاپەڕینەکە شێخ سەعید ناوێکە، پیاوێکی ئایینی دەمارگیرە، نفوزێکی گەورەی لەناو وڵاتدا هەیە و خەڵکی خارپووتە، لەناو ئالیکارەکانی ئاماژە بە پرۆفیسۆر فەخری و کۆلۆنێلی بەناوبانگ نەورەس و دواجار یەکێک لە نزیکەکانی شێخ سەعید، خالید بەگ، قومانداری سوارەی غەیرە نیزامی حەمیدیيە دەکرێ) لە بەڵگەیەکی تردا هێما بۆ ئەوە کراوە کە: (ئەو کوردانەی کە لەوێدا دەژین ئێستا ئەرمەنییان لە بندەستدا نەماوە بیانکوژن، بۆیە دەستیان کردووە بە تورک کوژی) لێرەدا هێما بۆ ئەوە دەکرێت کە کورد تینووی خوێنڕێژین و دوای لەناوبردنی ئەرمەنەکان دەیانەوێت تورکەکانیش لەناوبەرن، بەو تێڕوانینە چەواشەکاریە دەیانەوێت خۆیان لە کوشتوبڕی ئەرمەنەکان کە بەپێی سیاسەت و ستراتیجی کارکردنی ئەوان لەناوبران بێتاوان پیشانبدەن و لە سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشەشدا خۆیان بە قوربانی پیشان بدەن نەک ستەمکار.

### جارنامەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

مێژوناسی ناوداری تورک موراد بەرداغچی دەڵێت کە دوای لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان توانیوەیەتی جارنامەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و کۆمیتەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٠دا ئاشکرا بکات.
موراد بەرداغچی ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم جارنامەیەدا بە زمانێکی توند ڕەخنە ئاراستەی حکوومەتی تورکیا کراوە و پێشێلکردنی مافی گەلی کورد لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە بە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی وەسف کراوە.



جارنامەی شۆڕشی شێخ سەعید

بەگوتەی موراد بەرداغچی: جارنامەی شۆڕشی شێخ سەعید و کۆمیتەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان لە چوار خاڵی سەرەکی پێکهاتووە و ئەو خاڵانەش بریتین لە:
کۆمیتەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان گرێدراوی هیچ لایەنێک و هیچ دەوڵەتێک نییە و کۆمیتەیەکی سەربەخۆیە و ئامانجی بە دەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کوردە. دەبێت سنوورە ناوخۆییەکانی کوردستان بە مەبەستی خزمەت کردنی گەلی کورد لە لایەن کۆمیتەیەکی سەربەخۆوە دەستنیشان بکرێ، دەبێت لە نێو سنوورە ناوخۆییەکاندا زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێت، دەبێت کارمەندانی ناوچە کوردییەکان هەر هەموویان کورد بن، دەبێت هێزە ئەمنییەکان لە لایەن کوردانەوە بەڕێوەببرێن و هەر هەموویشان دەبێت کورد بن، دەبێت لە نێو سوپای گشتیدا ئەفسەر و سەربازە کوردەکان بە زمانی کوردی ڕاهێنانیان بۆ بکرێت و زمانی کوردیش لە نێو سوپای گشتیدا وەکو زمانی ڕەسمی بەکار بهێنرێت.
تا ئەو کاتەی کە هەر هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد بەدەست دەهێنرێن شەڕ بەردەوام دەبێت و بەرپرسیاریەتی ئەو خوێنەیش کە دەڕژێت لە ئەستۆی حکوومەتی ئەنقەرەدایە.
کۆمیتەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان ئامادەیە بە مەبەستی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە کات و ساتی پێویستدا دەست بە دانوستان بکات، بە پێی ئەو خوێنەی کە دەڕژێت بێگومان داواکارییەکانی گەلی کوردیش زۆرتر و گرانتر دەبن.










## ڕۆژمێری ڕوداوەکانی شۆڕش

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ دا عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعیدی پیران لە ڕێی دیاربەکرەوە چۆتە شاری (حەلەب)ی سوریا ، تاکو لە سەر ڕاگەیاندنی شۆڕش گفتوگۆ لە گەڵ سەرۆکەکانی تری کورد لەوێ بکات. دوای گەیشتنی عەلی ڕەزا کۆنگرەیەک دەبەسترێ و ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی کوردی تورکیا و عێراق و سوریا تیایدا بەشدار دەبن.

لە کانونی یەکەمی ١٩٢٤ دا حکومەتی تورکیا (عەلی خالد جوبرانلی) و (حاجی موسا) و (یوسف زیا) کە لە کۆمەڵەی ئازادی (ئیستقلال) بوون دەگرێ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کارەی تورکیا شێخ سەعیدی پیران بە سەرۆکی کۆمەڵەی (ئیستقلال) هەڵدەبژێرن، لە هەمان کاتیشدا ڕۆژی نەورۆز ١٩٢٥/٣/٢١ دیاری دەکەن بۆ ئاشکرا کردنی ڕاپەڕین بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید.

لە ١٩٢٥/٢/٨ دا شێخ سەعید سەردانی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات دەکات. لەو کاتەدا کە بۆ سەردانی (عەبدولرەحیم)ی برای چۆتە گوندی (پیران) هێزێکی سەربازی تورک دەگاتە ئەوێ بۆ دەستگیر کردنی هەندێک لە خەڵکی ئەوێ، خەڵکی پیران ناچن بە پیر لەشکرەکەوە و شەڕ دادەمەزرێ. ژمارەیەک لە سەربازەکانی تورک دەکوژرێن و ژمارەیەکیشیان بە دیل دەگیرێن کە فەرماندەکەیشیان تێدادەبێت.

لە ١٩٢٥/٢/١١ دا (تاهیر پیران)ی برای شێخ سەعید بە خۆیو چەکدارەکانییەوە دەست دەگرن بەسەر کاروانێکی پۆستدا کە لە شارۆچکەی (لیجە)وە بەرەو (سیری) دەچێت، هەموو نامە و دۆکۆمێنتە گیراوەکان تەسلیم بە شێخ سەعید دەکات. هەرچەندە هێشتا ٤١ ڕۆژی مابوو بۆ کاتی ئاشکرا کردنی شۆڕشەکە ، وەلێ ئەم ڕووداوانە دەبنە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش.

لە ١٩٢٥/٢/١٤ دا شۆڕشگێڕەکان دەست دەگرن بە سەر پارێزگای (کینجۆ)دا و ، پارێزگار و هەموو فەرمانبەرە تورکەکان بە دیل دەگیرێن و ، (فەقێ حەسەن)ی سەرۆکی خێڵی (مودان) دەکرێتە پارێزگاری (کینجۆ)، بەیانێک کە مۆری شێخ سەعیدی پیرانی پێوە دەبێت بڵاو دەکرێتەوە کە ئیتر (کینجۆ) دەبێتە پایتەختی کاتیی کوردستان. ئیتر دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دینی دەکەوێتە دەستی شێخ سەعیدی پیران و ، هەموو باج و دیلەکان لە (کینجۆ) کۆدەکرێنەوە، بە بڕیارێک باجی (دەیەک) نامێنی، داوا لە دانیشتوان دەکەن لەبری ئەوە کۆمەک و یارمەتی شۆڕشگێڕەکان بدەن. ئەم بڕیارەی شێخ لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیلێکرا و دەستیان کرد بە یارمەتی دانی شۆڕشگێڕەکان.

لە ١٩٢٥/٢/٢٢ دا ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا کۆبوونەوەیەکی بە پەلەیان کرد کە سەرۆکی ئەرکانی سوپاش (فەوزی پاشا) ئامادە بوو، حاڵەتی نائاسایی بۆ ماوەی مانگێک لەو ناوچانە ڕاگەیەندرا کە شێخ سەعید و شۆڕشگێڕەکانی لێبوون، ناوی شێخ و شۆڕشگێڕان بە خائین لەقەڵەم دران.

لە ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٥ شۆڕش پەرەی سەند و ژمارەی چەکدارەکان لە بیست هەزار تێپەڕی، هێزەکانی ساڵح بەگ و حاجی حەسەن و عومەر فار و خێڵی مستیان و بوتانی و شێخ شەمسەدینی دیاربەکر پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد و هەڵوێستی حکومەتی تورکیا شێرزە بوو.

لە ١٩٢٥/٣/٢ دا حکومەتی فەتحی بەگ لە ئەنقەرە دەستی لەکار کێشایەوە، ڕۆژی دواتر حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی "عیسمەت پاشا" ڕاگەیەندرا.

لە ١٩٢٥/٣/٤ دا ئەنجوومەنی گەلی تورک یاسای ژمارە (٥٧٨)ی دەرکرد. ئەو یاسایە دەسەڵاتێکی زۆری دا بەو دەزگایانەی دەوڵەت کە دژ بە بزووتنەوە میللییەکان دەوەستنەوە. ئەم ئەنجوومەنە لە بڕیارێکی تردا دوو دادگای بە ناوی دادگای ئیستقلالەوە دروست کرد. یەکێکیان لە ئەنقەرە بوو، دەسەڵاتی دیاری کرا بوو بە بێ ئاگاداری

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئەنجوومەنی گەل نەیدەتوانی حوکمی لەسێداره دەربکات و ئەنجامی بدات. دووەمیان له ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بوو و هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو ، وەک دەرکردن و ئەنجامدانی حوکمی لەسێدارەدان.
له ١٩٢٥/٣/١١ دا شێخ سەعید فەرمانی دەرکرد بۆ چوونه سەر شاری دیاربەکر ، بەڵام لەشکری تورکیا که خاوەنی جبەخانەیەکی زۆر بوو، توانی لەشکرەکەی شێخ سەعید بشکێنێ، هەربۆیه بەناچاری شێخ سەعید فەرمانی کشانەوەی دا و شۆڕشگێڕەکان گەڕانەوه بۆ دیرخانی.
له کۆتایی مانگی مارتی (١٩٢٥) دا لەشکری تورکیا دەستی دایه هێرش کردن بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، له هەموو لایەکەوه گەمارۆی دا. شۆڕشگێڕەکان ناچار بوون بەرەو "پالو" بگەڕێنەوە، له ١٩٢٥/٤/٦ دا شێخ سەعیدی پیران به ناچاری خۆی و (٣٠٠چەکدار) گەڕانەوه بۆ (سالحان)، تا لەناوەندی مانگی نیسانی ١٩٢٥دا له "کینجۆ"ی پایتەختی کاتی کوردستاندا گەمارۆی شێخ سەعید و شۆڕشگێڕەکان درا و شۆڕشگێڕان که شێخ سەعیدیشیان لەگەڵدابوو بەدیل گیران.
له ١٩٢٥/٥/١٤ دا دادگایی ژمارەیەکی زۆر له شۆڕشگێڕان و لێپرسراوانی شۆڕش کرا و ژمارەیەکیان له ١٩٢٥/٥/٢٧ دا لەسێداره دران و ژمارەیەکیشیان خرانه زیندانەوە.
له ١٩٢٥/٥/٢٩ دا دادگایی شێخ سەعید دەستی پێکرد و یەک مانگی خایاند، ئەوانەی له گەڵ شێخ سەعید دادگایی کران بریتی بوون له: (شێخ عەبدوڵا، شێخ ئیسماعیل، شێخ عبدول لەتیف، ڕائد قاسم ئیسماعیل، حاجی خالد عەبدولحەمید، ڕەشیدی چەرکەسی) و چەند سەرکردەیەکی تر.

## دادگایی کردن و حوکمی له سێدارەدانی شێخ سەعید

"عەلی سائب ئۆرساڤاش" که ئەفسەرێکی کوردە کرا به ئەندامی دادگای نائاسایی دیاربەکر، که ناوی "دادگای سەربەخۆیی دیاربەکر – دیاربکر إستقلال محکمەسی" لێ نرابوو. ئەم دادگایه بۆ دادگایی کردنی شێخ سەعید و هاوڕێیانی له ٦ نیسانی ١٩٢٥ دروستکرا و له ٢٥ ئایار دەستکرا به دادگایی کردنیان. دادگای سەربەخۆیی دیاربەکر له ١٩٢٥/٦/٢٩ دا حوکمی لەسێدارەدان بۆ شێخ سەعید دەرکرا و له ١٩٢٥/٦/٣٠ دا له گۆڕەپانی مزگەوتە گەورەکەی شاری دیاربەکر لەسێداره درا، دوای لەسێدارەدانیان گۆڕەکانیان به شاراوەیی مانەوەو دەوڵەت نەیهێشت کەسوکاریان به شوێنی بەخاکسپاردنیان بزانن، شێخ محەمەد فرات ، نەوەی شێخ سەعید، بەفورات نیوزی ڕاگەیاندوە بۆ بینینی گۆڕی باوەگەورەی خۆی به دەیان جار سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان کردوه.



عەلی سائیب ئەو ئەفسەرە کوردەی، ملی شێخ سەعیدی پیرانی کرد به پەتی قەنارە دا

فرات دەڵێت (باوکم گۆڕی باوەگەورەمی نەبینی و مرد. منیش نامەوێت ئەو ئازاره بکێشم. ئێمه دەزانین ئەو کەسانەی باوەگەورەی منیان لەسێدارەدا، شوێنی گۆڕەکەشی دەزانن که لەکوێ نێژراون، ئەوەش لەتۆماری شاراوەی دەوڵەتدا هەیە، سەرەڕای هەموو داخوازیەکانمان گۆڕەکانمان پێ نادەنەوە).
له بەردەم پەتی سێدارەکەدا شێخ سەعید ووتی: (وا ژیان خەریکە کۆتایی دێت و، هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی له پێناوی خوادا کردوومە. ئێمه دڵمان خۆشە چونکه کوڕ و کچەزاکانمان له بەر ئێمه شەرم دایانناگرێ لەبەردەم دوژمناندا).
دوای دەستگیرکردنی شێخ سەعید و هاوەڵەکانی، عەلی سائیب چووەته لای شێخ سەعید له ژووری زیندان و داوای لێ کردووە دان به هەموو نهێنی/ڕاستییەکاندا بنێ و ئەو کاتە ئەوان ئەگەر سزای له سێدارەدانیشی بۆ دەرکەن دواتر دەیگۆڕن بۆ دوورخستنەوە بۆ ئەدرنە. له دوای یەک دوو ساڵ لێی خۆش دەبن و دەیگێڕنەوە بۆ کوردستان و پێکەوە بەرخ سەردەبڕن و ئاهەنگ دەگێڕن. وەلێ که شێخ سەعید دەبەن بۆ له سێدارەدان لێی دەپرسێ"سائیب بەگ

کوا پەیمانەکانت کە دەتووت ئەگەر راستییەکان بدرکێنم لە پەتی سێدارە ڕزگارم دەکەی؟". عەلی سائیبیش دەڵێ"تۆیە کە بوویت بە هۆی ئەو هەموو خوێنڕژانەی تورک و کوێرکردنەوەی ئەو هەموو وجاغە، ئێستا دەبێ سزای خۆت وەربگری". ئەو کاتە شێخ سەعید لە وەڵامدا دەڵێ: ڕۆژی حەشر دادگایی من و تۆ دەبێ.

زۆر توێژەریش ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاغا چاوچنۆک و پەرلەمەنتارە گەندەڵ و ستەمکارەکەی ڕۆمانی"ئینجه مەمەد – حەمەدۆک"ی یەشار کەمال هەر ئەم عەلی سائیبەیە، کە بە ناهەق دەستی بە سەر زەوی و زاری وەرزێرانی هەژاری کۆزان و ئورفەدا گرتووە، بە تایبەتی هی چەرکەز و کرستیانەکان. لەوێدا پلە و پایەی سیاسی خۆی و پەیوەندییەکانی لە گەڵ دەسەلاتی ستەمکاردا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ستەم لە خەڵک بکات و دەست بگرێت بەسەر ماڵ و موڵکیاندا.

## ئەنجام

زۆربەی شۆڕش و بزافە سیاسی و چەکداریەکانی کورد، دوای سەرهەڵدانیان نەیان توانیوە سنووری کاروو چالاکیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرفراوان بکەن و لە ناوچەیەکی بەرتەسک و دیاریکراودا قەتیس ماون کە بۆ دوژمنانیش ئاسان بووە بتوانن سەرکوتی بکەن و کۆتایی پێ بهێنن، لە بەرنامەو پلانی زۆرێک لە شۆڕشەکاندا وابووە کە لە سنوورێکی بەرفراواندا پەرە بە شۆڕش و راپەرینەکانیان بدەن و خەونێکی گەورەو فراوانیان هەبووە وەلێ زۆر جار بەهۆی زەبری گورچک بڕەوە کە پێشوەخت لە شۆڕش دراوە نەیانتوانیوە سنووری شۆڕشەکە فراوان بکەن و بەهۆی بەدەنگەوە نەهاتنی پێویستی بەشێک لە کوردەکان و بوونی بەرەی خیانەتکارەوە زۆر جار شکست و پاشەکشەو تیاچوون بووەتە بەشی زۆربەی شۆڕشەکان، شۆڕشەکەی شێخی پیرانیش بەهۆکارگەلێک لەناوچوو کە پێشتروو دواتریش دووچاری بزاف و شۆڕشەکانی کورد هاتوون.

## سەرچاوەکان:

١ ـ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ( ١٩٢٥)لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی فەرەنسادا/ وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز: نەجاتی عەبدوڵڵا .٢٠١٣.
٢ ـ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤێت لە بەڵگەنامەو چاپەمەنییەکانی سۆڤێت دا/ د.ئەفراسیاو هەورامی/ /٢٠٠٢ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٣ ـ http://www.so.firatnews.com/
٤ ـ http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=١٣&a=٤٦٩٠٤.
٥ ـ ئەو ئەفسەرە کوردەی ملی شێخ سەعیدی پیرانی کرد بەپەتی قەنارەدا، د.جەبار قادر



## وێنەی نوێ لە شێعری شاعیری شیرین زمان ئەمین گەردیگلانی دا

**ئەحمەد یاسینی "پشکۆ" (سەقز)**

حەسەن قزلجی دەڵێ: "لە خۆ بوردن و گیان لە پێناو نان کارێکی سووک و ئاسان نییە و لە دەست هەموو کەس نایە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن گیانی خۆیان لە پێناو ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیان بنێن و خۆیان بکەنە قوربانی لە رێگای ئازادی و بەختەوەری خەڵکدا، کە گەل و نیشتمانیان لە خۆیان خۆشتر بوێت و ئاگری رزگاریخوازی ئەوەندە لە دڵیانا بڵێسەی سەندبێ، سەری خۆیان بکەنە بەردەبازی رێگای گەلەکەیان"
لەم رۆژگارە چەق بەستووەی ئێمەشدا لەم چاخ و سەردەمە کە نان وەدەست هێنان بۆتە جیهاد، هەزاران لەمپەر و کۆسپ و تەگەرە و کەسەر لە سەر رێی نووسەردا هەیە، جگە لە ئەوین ئەمە دەتوانێ چی بێ کە ئەم هەموو ئازار و ژانە بە گیان و دڵ بچێژێ تا گەلەکەی لە نەمان رزگار بکات ئێمە ئەوەتای بووین وەکوو پەرشە و گەنم بە دەستاڕی زوڵم و زۆر هاریویانین جا ئەگەر لەم نێوەدا چەن دەنکێکی ساخ پەڕی بێت و نەیان دیبێ، خۆی لە زەوی رۆکردبێ و گووراپێت و بە بارانی ئەشق و حەز سەری هەڵدابێتەوە.
خۆشبەختانە لە هەر چاخ و سەردەمێکدا چەن کەڵەپیاوێک سەریان هەڵداوە کە بە جلوبەرگ و نانی شەرەفەوە بێ چاوەدێری مەقام و دراو، فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیاتیان گەیاندۆتە ئاستی گەلان و نەیان هێشتووە ئاوسەرکەمی گەلانی تر بین. هێمن و هەژار ئەو کەسانەن کە هەتا هەتایە نەتەوەی کورد پێیان قەرزدارن ئەگەر هەنبانە بۆرینە و وەرگێرانی قورئانی پیرۆزی هەژار نەبوایە ئەم کەلێنە کەم کەس دەیتوانی پڕی کاتەوە یا هەر نەدەکرا، دیوانی ناڵەی جودایی کە بۆ خۆی فەرهەنگۆکێکە کە هاوتای نەبووە. هەر وەها مەلا کەریم ساردەکۆستان (ڕاوچی) و نووری کە باسیان جیاوازە.
من ئەو کاتەی تازە دەگەیشتمێ ئاشقی خوێندن و نووسین بووم ناڵەی جودایی و خەیام و زۆربەی شێعرەکانی هەژار و شاعیرانم لە بەر بوو، لام وا بوو بە کۆچی هەژار و هێمن کورد سەغیر کەوتووە و قەت بلیمەتی وەک ئەوان بە خۆوە نابینێتەوە بەڵام بە دیتنی تەوژمی خەیاڵ و گەزیزەی ئاسۆ چاو و دڵم بووژایەوە و هەر وەها بە غەزەلەکانی ئەمین گەردیگلانی لە گۆڤاری سروە و مەهاباد دا و بەشی قاموس تەواو هیوام گەشایەوە و دیتم کە تا ئێستاش بە قەوڵی مام هێمن رۆلەی بە زیبک و زاکوونمان زۆرن کە پاشان لە گەڵ ئاشنایتی ئەو مەزن و بەرێزانە لە نزیکەوە زۆر شتی دیم بۆ دەرکەوت کەئەگەر باسی بکەم چەن رووپەڕ و کۆپەڕ لە خۆی دەگرێ، دەتوانم بڵێم رۆیشتن و نان خواردن و نیگا و خەوتن و هەموو شتێکیان بۆم بوو بە وانە، ئێستا وەک قوتابییەک دەمەوێ جیا لە کاری وەرگێرانەکان وەک برایانی کارامازۆف و ئاناکارلینا و دیلی قەفقاز و پەسڵان و تازیەبارانی بەیەل و فەرهەنگی رێژگە و....هتد کە هەر کام باسێکی سەربەخۆن و شەونخونی شاعیرن بەشێ لە وێنەی نوێ لە شاعیری شیرین زمان ئەمین گەردیگلانی بخوێنمەوە کە زمانیان بۆتە ئاگردانی رۆح و بە وێنەی نوێ و جوان و نەسواو شێعری کوردییان بەرەو نەمری و سەرهەڵدانێکی تر بردووە.

دەنگی کسپەی زامی قووڵی کێوی بێ هەتوانە وا
دەمهەژێنێت و قەڵەم ڕادەچڵەکێ بەو ژانە وا
لێرە وەک جەرگی زلێخا لەت لەتن جەرگی چیا
بۆیە دۆڵی پڕ چەمەی خوێن و زنەی گریانە وا

بە وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمی جوان و شیرین و نەسواو ئاو دەزێتە نێو دێڕ بە دێڕی هەست و ناخی خوێنەر، وشە بە وشە وەک خوناوەی باران کێڵگەی تینووی دڵی ئەویندار دەخووسێنێ
لێرە قەت دەریا مەمک نانێتە دەم کۆرپەی هەور

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئاسمان بۆیا نەزۆک و وشک و بێ بارانە وا
***
با دڵی شەو لە تکەی ئەشکی بەیان هەڵکێشین
خۆ لە کانیاوی بزەی سەوزی ژیان هەڵکێشین
شۆستە جەستەی هەموو خوساوە بە خوێناوی گەڵا
بۆ شەقامیشی لە دوودەی خەمی نان هەڵکێشین؟
وەک هەنگ لە گوڵ و گوڵجاڕی چیای پڕ ئاو و زەنوێر و مێرگ و چۆماو ئەویندارانە بە دەم وڕینگەی ئەشقەوە دەخولێتەوە، هەموو زاراوەکان بێ جیاوازی کام وشە جوان و پڕ شیلەیە دەیکاتە ڕیاڵی هەنگوینی شێعر و لە شانەی زێرینی غەزەلدا بۆمان دەکاتە دیارییەکی بەهەشتی و وێنەی جوانمان لە ئاوێنەی کانیاوی دڵدا دەخاتە بەر چاو:
شانەی دەکرد هەناسەم چێنی شەپۆلی کەزیەت
ئەو دەم لە کانی دەمتا ماچی ئەوین دەڕسکا!
***
کە من چرتەی ترازانی بەرۆی خونچەش دەبیسم
لە نێو قرچەی دڵ و کسپەی برینا ئۆقرە دەگرم؟!
لەرەی برژۆڵی ئەستێرە نەکا بۆم لایە لایە
بە شەودا چۆن لە شێوەنگای گرینا ئۆقرە دەگرم؟
لە هەر دەور و زەمانێکدا کەسانێکی هەست نەزۆک و دژویست هەن کە دەبنە کەڵەکەی بێستان و بە خۆ کوتان بەم لاولادا و پەلاماردان بۆ سەر گەورە پیاوان و ڕەدکردنەوەی ڕاستییەکان دیانهەوێ خۆ بکەنە ڕچەشکێن و ناوی نوێخوازی لە خۆیان بنێن بەڵام دەنگیان لە کووچە وماڵی خۆیان زیاتر نەڕۆییوە و وەک خۆڵەمێش بەدەم باهۆزەوە تیاچوون و ئاسەواریان نەماوە. ئەمین گەردیگلانی قەڵەمەکەی وەک شۆڕەسوارێکی سوارچاک لە پێدەشتی ڕووپەڕدا تاو دەداوە و بۆ گەیشتن بە ئاسۆی ڕوون لە هەموو بوارێکدا ڕۆحی ئاشقی دەئاژوێ.

کە ئاڵای ئەشقی دەست دایە و بەرەو بەرزایی باڵی گرت
هەنیسکی دا بەفر، کۆساری سەوز و سوور و زەرد گریا

هەرەس ئەسرین بوو داچۆڕا لە سەر کوڵمەی هیمالایا
چیای گاشربرۆم ڕووخا کە شاخی بەردە زەرد گریا
***
شەپۆلی سووری پێکەنین کە دەرکەوت لە لێوەکەی
گوڵاو پڕژێن کرا دڵم بە عەتری باخی سێوەکەی
هەنارە دڵ گەیشتووە بە تینی خۆری ئەشقی تۆ
گوڵم چ خۆشە بێی دڵم لە باخی سینە لێوە کەی!

لە پێشەکی وەرگێرانی قورئانی پیرۆزی هەژار کاک ماجد دەگێڕێتەوە کە:
"ئەگەر کاتی ژەمەن ئەگەیشت، دادە مەعسووم خێزانی بە وەفاو مێرەوانی مامۆستا هەژار نان و پێخۆرێکی لە سەر قاپێ دادەنا و بە هێمنی لە پاڵ دەستییەوە دادەنیشت. پارویک نانی دەخوارد، ڕاستت دەوێ قەت نەیزانی سوێر بوو یان کەم خوێ، تاڵ بوو یان شێرین، خۆش بوو یان ناخۆش!"
خواردنەکە بەم وێنە بەڕێوە دەچوو. دژوار، پێک هاتن لە سەر سات و کاتی نووستن بوو، دوکتور دیانگوت: "لانی کەم شەش سەعات نووستنی نیازە و لەوەکەمتر، زۆری زەرەر هەیە. سەعاتی یازدە تا پێنجی بەیانیش، باشترین

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

کاتی خەوە." خۆی دەیفەرموو: "هیچی وانییە! ئەگەر بە قسەی ئەو دوکتورانە بکەم، دەبێ لە ترسی مردن، هەر دەخەو ڕاچم و مردووی زیندوو بم، تا ئەو کاتەی کە بەڕاستی دەمرم!"

ئەمن ئەو دیمەنەم لە کاک ئەمین دا زۆر جاران دیوە. دوکانی خەیاتییەکەی کاک ئەمین بووتە مەکۆی ڕۆشنبیران و زانایان. شەوێ کە پێکەوە بووین و کاتژمێر سێی شەو بوو وتم: "کاک ئەمین بۆ ناخەون خۆ ئێوە پشوودان و ئیستراحەتان نییە شەو و ڕۆژ." فەرموویان: "لە ژێر گڵدا کات زۆرە بۆ نووستن!" کە هەر ئەم بیرۆکە نوێیە دەبێتە ڕەوڕەوەی کۆرپەی پێنووس و ڤێنووسی خەیاڵی:

ڕۆحی بەیان هەڵبزرکا
من داڕزیم
قارچک تۆقی من هەڵوەریم
دار پشکووت و من هەڵەرزیم
دادەڕووخێ چرک، چرک
لێوی بە چرکە ژاکانی ژیانەوە.
***
چیا و پێدەشت و دارستان دەزانن
بە دەردی دڵ بریندار بوونی شێعرم
لە گەڵ فرمێسکی کانی هاوسەرینن
تکەی سۆلاڤی چاوی ڕوونی شێعرم.

تۆکۆیل دەڵێت: "ئەگەر لە ڕووناکی چراکانی ڕابردوو کەڵک وەرنەگرین مرۆڤەکان لە تاریکی دا نووقم دەبن و تووشی سەر لێ شێواوی و ئاڵۆزی دەبن".

هیوام وایە شاعیرانی نوێ و بەرەی لاو ڕێزی ئەم زێڕ و گەوهەرە بەنرخانە لە دڵیاندا بپارێزن. ئەمین گەردیگلانی لە هەموو قالبەکاندا شێعر و وێنەی تازەی هەیە بەڵام بە زۆری تینوویەتی بە غەزەل دەشکێ و غەزالی غەزەلیش نەک هەر سرک نییە بۆی بەڵکوو هەر لە ڕۆحی ئەوا ئارام دەگرێ و سۆلاڤی پرچی دەئاژوێ و ئەسرینی چاوەکانی دەسڕێتەوە و لەبەر ئاوێنەی وێنەی نوێی غەزەلدا بزە دەنیشێتە سەر چرۆی لێوی سووری و دڵی پڕ لە هیوای دەگەشێتەوە.

جوان پەرەستیم کردە پیشە، هەر کە دیم چاوی غەزەل
سەبر و ئۆقرەی لێبڕا دل، کەوتە نێو داوی غەزەل
گەرچی شەو ئەشکم لە باخی دڵ دەکەم ئاژین گوڵم
داری هەستم قەت نەبوو بۆ ساتێ پاراوی غەزەل
****
بە شکانێکی دڵت، دەرمەکە هیوا لە سەرت
خەم لە دڵ دەرکە، لە ئاوێنە شکاو بڕوانە
بە شکاویش بە سەدان چاو لە ژیان دەڕوانێ
تۆش کە نەشکاوی، هەتاوی، بە چاو بڕوانە
..............................................

**سەر چاوەکان:**


- دیوانی شنەی پشکووتن ئەمین گەردیگلانی، بڵاوکەرەوەی کۆڵەپشتی، چاپی دووهەم. تاران ١٣٩٣
- سەر جەم بەرهەمی حەسەن قزڵجی، ئامادەکردنی موحسین قزڵجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٣
- وەرگێرانی قورئانی پیرۆزی مامۆستا هەژار، نشر احسان، چاپی یەکەم تاران ١٣٨٠

# کاریکاتۆر


مەهاباد. سەید مەحموود موکری
















## سەرنجێک لە سەر دواهەمین هەناری دونیا، نووسینی بەختیار عەلی

ڕەبەت. محەممەد حەسەن نژاد

لەوانەیە پێش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، بە بیستنی ناوەکەی بۆچوون و وێنەیەکی جیاواز لە مێشکا درووست ببێت. بەڵام کە دەستت کرد بە خوێندنەوەی ، هەست دەکەی لە هەڵە دابووی؛ چونکە چیرۆکەکە بە ئاقارێکی تردا دەڕوا. ئەم ڕۆمانە باس لە نەهامەتی و هەژاری و بێکەسی و ڕەنجەڕۆیی میللەتێکی بێکەس و بێخاوەن و بێدەسەڵات دەکا، کە ساڵەها و سەدەهایە ئاسوودەیی و ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە و بە درێژایی مێژوو تووشی زووڵم و تەنگەژە و شەڕی داسەپاوی دەرەکی و ناوەکی هاتووە و قەت ڕۆژێکی خۆشی نەدیوە. کاتێک موزەفەری سوبحدەم خۆی فیدای سەرۆکەکەی خۆی (یاقوبی سنەوبەر) دەکات، تاکوو ئەو ڕزگاری بێت و درێژە بە خەبات بدا ، بەدیل دەگیرێت و لە بیابانێکی سامناکدا بۆ ماوەی ٢١ ساڵ سجن دەکرێت. لەو ماوە دوور و درێژەدا بە تێپەڕبوونی ماوە و کات و ساتەکان، بەدرێژایی ساڵەکان ،هەموو ئاوات و ئارەزووەکان لە مێشکی خۆیدا دەسڕێتەوە و وەک لمی لێ دێت. ئەو نازانێ لە ماوەی ئەو ٢١ ساڵەدا چ بە سەر خاک و زێد و نیشتمان و بنەماڵە و خزم و قەوم و حیزب و میللەتەکەی هاتووە؟

ئەو نازانێ کوردستان چۆن خاپوور کراوە؟ ئەو خەبەری نیە کە خەڵکی ناچاربوون کۆڕەو بکەن! ئەو ئاگای لێ نییە کە حیزبەکەی لەگەڵ حیزبەکانی تر دوای سەرکەوتنی شۆڕش و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیقلیمی، دەمیان تێک ناوە و شەڕێکی ناوخۆیی براکوژی و ماڵوێرانکەر درووست بووە! موزەفەر ئاگاداری سەریاسە دوو سێ ڕۆژانەکەی نییە کە لەگەڵ سەریاسەکانی تر بە هەتیوی و بێکەسی لە ناو چ جەهەننەمێکدا دەژین؟! ئەو نازانێ ئەو سەرۆکەی ژیانی خۆی بۆ فیدا کرد، لەگەڵ سەرۆکەکانی تر ، لە پاڵ شۆڕشدا چ خەیانەتێک دەکەن!

ئەو ڕوحیشی خەبەردار نییە کە سەریاسەکان هەندێکیان بوونەتە مرۆڤدۆست و هەندێکیان دژی مرۆڤ! نازانێ هەندێک لە سەریاسەکان بە بێتاوان کوژراون و هەندێک چوونەتە زیندان و هەندێکیش بوونە پشکۆی ئاگر و دامرکاونەوە!

ئاخر ئەو جگە لە دەریا و لم و ئاسمان و ئەستێرە و باڵندە و پاسەوانە کڕ و کپەکان هاونشینێکی دی نەبوو!

دوای ٢١ ساڵ کە لەگەڵ چەن دیل ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ و (ئازاد) دەبێت، دێتەوە شوێنێکی تر ـ زیندانێکی تر کە لە جیاتی لم و بیابان، دارستان و کێو و دۆڵە. ... کاتێک دیسان دوای چیرۆکێکی تر زۆر، دێتەوە ناو دونیای دەرەوە، هەمو ئەو ڕاستیانەی بۆ ئاشکرا دەبێ. من دڵنیام ئێوەش لە من باشتر دەزانن موزەفەری سوبحدەم چ حاڵێک پەیدا دەکات! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نووسەر چەند ئامانجێک دەپێکی لە وانەش:

١ـتا دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێت؛ ڕاستە کە هەرچی شەڕ و شۆڕی بە سەر ئەم میللەتەدا هاتووە لە سۆنگەی نەیاران و ناحەزانی دەرەکیەوە بووە بەڵام کورد هیچکات یەکگرتوویی و یەکیەتی خۆی نەپاراستووە و بۆتە داردەستی نەیار و دەر و دراوسێ و خۆی بە دەستی خۆی، خۆی لە ناوبردوە. خۆ

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

ئەگەر بهاتبایە کورد تەبا و ڕەبا بایە هیچ دووژمن و ناحەزێک نەیدەتوانی زەفەری پێ بەرێ و تووشی ڕۆژی ئاوا ڕەش و سامناک نەدەهات

٢ـ هەر لە بەر خۆخۆری و نەبوونی ئامانجێکی یەکگرتوو و دووژمنایەتی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و حکوومی، کاتێک کە هەل و مەرجێکی باشیش دەرەخسێت، بە لا باشەکەیدا کە بووژاندنەوەی کۆمەڵگا و پەوکردنی ژێرخانی ئابووری و برەودان و پەرەپێدانی کشت و کاڵ و خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و نەهێشتنی هەژاری و گەشەسەندنی ئەدەب و کەلتوور و کەلەپوور و خوێندنی باڵا و دام و دەزگا حکوومی و ناحکوومیەکان و... ناقۆزێتەوە ،بەڵکوو بە پێچەوانەوە

٣ـ لە ناو ئەم زەلکاوەی کە چیرۆکەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئینسانی عاشق و ئەویندار، ئینسانی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز، ئینسانی پاک و بێگەرد، ئینسانی ئیماندار و خۆبەخش و بە گشتی مرۆڤی باش زۆرە و نابێ بەس مرۆڤە خراپ و دڵڕەقەکان ببینین.

٤ـ مرۆڤ تا ڕێگای خۆی نەدۆزێتەوە، ڕەوشەکە ئاڵۆزتر و تاریکتر و ناخۆشتر دەبێ بەڵام هەرکات ڕێگای خۆی ببینێتەوە ئەوا کۆمەڵگا دەگا بە ئاسوودەیی و ئارامی و کەماڵ، ئەویش ئەوەیە کە " مرۆڤ خۆی تەرخان بکات بۆ مرۆڤ هەر وەک موزەفەری سوبحدەم.

٥ـ سەرەڕای هەموو ئەو زوڵم و زۆر و وێرانکاری و شەڕ و هەرا و بشێویە، مرۆڤ نابێ تەسلیم بێ و هیوا لە دەست بدا و دەبێ بەردەوام بێ لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ مرۆڤایەتی.

٦ـ لەم کوردستانە و لەم جیهانەدا وێنەی هەزاران موزەفەر و سەریاس و یاقووب و ئیکرام و کچە سپیەکان و موریدی شازادە و محەمەدی دڵشوشە و سەید جەلالی شەمس و باقی کارەکترەکانی ئەم چیرۆکە هەن ، کە هەریەکە و دەتوانین چیرۆکێکی لەمە سەیر و سەمەرەتریان بۆ بنووسین.



## خەتای دۆلارە

خالّند ئەحمەدی، بۆکان

دیسان گرانی لە سەرمان بارە، خەتای دۆلارە
فەرعانە و خۆشی لێمان بێزارە، خەتای دۆلارە
سەفیان گرتەوە خەڵکی شار و دێ، خدر و خەجێ
ڕەش دەکاتەوە هەرچی نسارە، خەتای دۆلارە
خەڵکی نیگەران منداڵ مات و کز، گونجاوە بۆ دز
باری هەژاران هەمیسان لارە، خەتای دۆلارە
کوانێ ئەو ڕۆژەی، دونیا سەفای بوو، دۆستیش
وەفای بوو
کە خۆشەویستی، لێمان قوتارە، خەتای دۆلارە!!
هەر فێڵ و فەرەج، هەر دەس برینە، زگ هەڵدڕینە
مام حاجیش ئەمڕۆ ڕاست نییە خوارە، خەتای
دۆلارە
حاڵی پەشێوە چینی چەوساوە، قەد نەحەساوە
پارەی چرووکی لە گیرفان مارە، خەتای دۆلارە
گامێشی فرۆشت، بزنی بۆ نەکرا، وا دەستی برا
ژن و منداڵی مات و خەمبارە، خەتای دۆلارە
گۆشت و ڕۆن قەند، نرخی زێڕی سوور،
هەڵدەکشێ بۆ ژوور
جلک و خۆراکیش، نادەن بە پارە، خەتای دۆلارە
"ئاڵدم ساڵدم"ە و هەڵکێشە و داکێش، بۆ دارا و
دەروێش
خەریکی فێڵن ژیر و پەتیارە، خەتای دۆلارە
زەمانە ئەوڕۆ زۆر بێ وەفایە، هەست هەڵوەدایە!
لە کون خزاوە"هۆزان" هەژارە، خەتای دۆلارە!!

*ئاڵدم ساڵدم، ئیستلاحی توورکی ئازەری ئاتدم ساتدم، واتە کڕین و فرۆشتن.



## بەهار

مەهاباد.سەید نووح عینایەتی (نەبەز)

بەهارە و وەرزی خۆشی و کامەرانی
دەبارێ دەنکە دەنکە مێهرەبانی
زەوی یەکسەر لە ڕەنگی سوور و زەردا
کراسی سەوزی گوڵزاری لەبەردا
چەم و کانی هەموو سەرخۆش و مەستن
هەموو ڕێبواری ڕێگەی بیر و هەستن
لە هەر باغێ گوڵە و جامی بە دەستە
دڵی بولبول لە تاوی خۆش و مەستە
لە هەر سووچێکی باغی کوردەواری
دەخوێنن بولبولان نەغمەی بەهاری
ئەوە چۆڕاوی ژینە دێتە خوارێ
لە دوندی شاخی بۆ دەشت و نزارێ
دەزانی دایە جوانی ئەو بەهارە
دەڵێی ئامێزی تۆیە لێم دیارە؟
لە سەفحەی هەر گوڵێ ناوت دەبینم
کە هەر تۆی جوانی گوڵزاری ئەوینم
لە سەر گۆڕت گوڵ و سەوزە بڵاون
دەڵێی دایە بە شەوقی تۆ ڕواون
لە دووری تۆ مەلێکم دڵ بریندار
دڵی من تەنگ و سینەم پڕ لە هاوار
ئەگەر بۆخۆم لە تاوانت خەمینم
بەتاسەم کەس بە ناشادی نەبینم
لە خاکا خەوتووە سوورەگوڵی خۆم
بە تۆم ئەسپاردووە خوایە دڵی خۆم

# وێنە شێعر

بانە. ک.د.ئازاد





































گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# نووسین بۆ منداڵان

ڕۆستەم خامۆش – هەولێر

نووسین بۆ منداڵان، لەلایەن شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵانەوە، هەتا بڵێی کارێکی زۆر چاک و پێویست و بەجێیە، شایانی ستایش و بە هەند وەرگرتن و بە گرنگ تەماشا کردنە، بەڵام دەبێ ئەوەش باش بزانین کە ئەمانەتێکی زۆر قورس و گەورەشە، کە دەکەوێتە سەرشانی کەسانی قەڵەم بەدەستی ئەو بوارە، وە یەکێکە لەو کارە سەخت و دژوارانەی کە سەرکەوتن تێیدا هێندە ئاسان نییە و ئیشێکی زۆر زەحمەتیشە، وە بۆ گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن لەو بوارەدا، بێگومان هەوڵ و ماندوو بوون و تێکۆشانێکی زۆر و بێوچانی دەوێ، لە بەر ئەوەی پێویستی بە لێزانی و شارەزاییەکی باش هەیە بۆ ناسینی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ، وە زۆر گرنگە زانین و تێگەیشتن لە زانستەکانی: (منداڵناسی بەگشتی، دەروونناسی، پەروەردەیی)، بۆیە کارێکی هەر وا ئاسان نیە، مادام نووسینەکە بۆ منداڵە، دەبێ زۆر (وریا و هۆشیارانەتر، لێزانانەتر، زانستیانەتر، جوان و ناسکتر، واتادار و مانادارتر، پەیامدارتر... هتد)بێ، وە ئەوانەی دەستیان پێنووسی گرتووە هەتا بۆ منداڵان بنووسن و ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە بەسەر بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەپێی مافی ڕەوای خۆیان خزمەت بکرێن لەلایەن قەڵەمی شاعیران و نووسەرانەوە، وە دەبێ پێ بزانرێ، کە ئەو قەڵەمانەی بۆ ئەو توێژە بەنرخ و گرنگ و پڕ بایەخەی کۆمەڵگە کەوتوونەتە کار و لە چاوەڕوانی ئاسۆی گەشی سبەینێ دان، بێشک دەبێ بە چاوی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییەوە تەماشایان بکرێ و ڕێز لە قەڵەمەکەیان بگیرێ، بۆ ئەوەی بەردەوام بن و گەرم و گوڕتر بنووسن، تا جوان و باشتر بنووسن، وە یارمەتی و هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بۆ چاپ بکرێ، تا دیدەی گەشی منداڵانیان پێ ڕۆشەن ببێتەوەو سوود و چێژی لێ وەر بگرن، وە بەڕاستی دەبێ نووسەرانی ئەو بوارەش زیاتر و زۆرتر بخوێننەوە لە بوارەکانی: (ئەدەبیات بەگشتی و دەروونناسی و پەروەردە)دا، وە لە زۆر بواری دیکەش خۆیان شارەزا بکەن، بەڵکو ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیرییان بەهێزتر و فراوانتر و باشتر بێ، وە خۆیان بە دوور بگرن لە وشەی سواو و جوینەوەی نووسینی پێش خۆیان و دووبارە کردنەوەی وێنەکانی پێشووتر، بە جدی هەوڵی نوێگەریی بدەن و تێبکۆشن بۆ داهێنان و نووسینی جوان و ناوازەتر لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، بۆ ئەوەی ئێمەی کوردیش بەرەو پێشتر بچین لەو بوارە گرنگەدا، کە ئەویش ئەدەبیاتی منداڵانە، هەر چەندە هەنگاوی باشی ناوە لە سایەی پێنووسی دڵسۆزان، بەڵام پێویستە بە هەوڵی خەمخۆرانەی زیاتری قەڵەم بەدەستانی ئەو بوارەو لایەنی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە، ئەو ئەدەبیاتە بگەیەنرێتە لوتکە، تا ئێمەش شانازیی بەخۆمان بکەین و بڵێین ئەوە ئەدەبیاتی منداڵانی کوردەو هیچی کەمتر نیە لە هی گەل و وڵاتانی دیکە، شاعیران و نووسەرانمان بەقەڵەمەکانیان بۆ خەمی ئایندەی نەوەکان و کۆمەڵگەیەکی باشتر دەنووسن و دەڕوانن و تێدەکۆشن، وە دەبێ بۆ هەموو نووسینێکی کە باشیان پێکاوەو ڕێک و ڕاست بۆ منداڵیان نووسیوە، وەک: (شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و دەقی شانۆیی... هتد)، کە چەند ژانرێکن لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، دەبێ سوپاس و دەستخۆشییان لێبکرێ، بۆ؟ چونکە ئەگەر نووسینەکانی ئەوان سوودبەخش و باش و پەروەردەیی بوون، واتە شتێکی چاکیان دەرخواردی مێشک و هزر و خەیاڵی

منداڵان داوە، بێشک ئەو منداڵانەی کە ئەمڕۆ بە تەمەن بچووکن و گەورەساڵانی سبەینێ و داهاتوون، کەواتە کەسانێک زۆر بەجوانی: ( ڕاهێنراو، پەروەردەکراو، فێرکراو، دەروونددروست، متمانە بەخۆ، باوەڕ بەهێز... هتد)، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبنە کەسی پاک و ڕاستگۆ و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمانەکەیان و بە شانازییەوە خزمەتیان دەکەن، وە ئەگەر هەندێ لە نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، بەپێی کەم ئەزموونییانەوە، نەیان توانی وەک پێویست، جوان و باش بنووسن بۆ منداڵان، ئەوا ڕەخنەیان لێدەگیرێ و خاڵی لاوازی نووسینیان دەست نیشان دەکرێ لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەو بوارەوە، کە ڕەخنەشیان لێگیرا، یان ڕێنمایی کران بۆ ئەوەی پێیان بگوترێ، لێرەدا هەڵەتان کردووەو نەتان توانیوە وەک پێویست و شارەزایانە بچنە نێو ناخی منداڵانەوە و جوان و باشیان بۆ بنووسن، دەبێ بەدڵێکی گەورەوە وەری بگرن و زۆر لایان ئاسایی بێ و دڵیان هەر وەکو دڵی منداڵان پاک و جوان بێ و هەرگیز ڕق و کینە لەڕەخنەی ڕەخنەگر هەڵنەگرن، چونکە ڕەخنەگری ڕۆشنبیر و بێ لایەن و بە ویژدان، هەمیشە دەستبار لەگەڵ نووسەردا دەگرێ و ناهێڵێ خوار ڕێ بکاو بکەوێ.

## ئەمشەو

**ڕۆستەم خامۆش – هەولێر**

ئەمشەو لـە غوربەت دەڕژێ ئەسرینم
گـڕ دەگـرێ دڵـی پـڕ لــە ئەوینم

بێ ئاشنا دەگریم، غـەریب و تەنیام
ئـارەزووی جوانیـی سـاتـێکی نیگام

ئەمشەو دەسووتێـم لـە تـاو جودایی
دەڕێـژم ئـەشـکی سـووری تەنیایی

لـە خـاکی غوربـەت لـە نێو تارمایی
شەکەت بـووم هێندە بـۆ بێ ئاشنایی

ئەمشەو بـێ هـاودەم ڕۆح نـیگەرانـم
دەنـگی نـابیستـم بـۆ ئۆقرەی گیانـم

چـەشـنـی بولبولـی وێرانـە مـاڵـم
بـۆیـە غـەمگـینـم، نـامـۆ دەنـاڵـم




## بەڵێن

**بانە. شەیدا ئەحمەدی**

بە خەنجەری ئەوینت
چۆڕ چۆڕ هەستم ئەتکێنم
بۆسەر ئەو پەڕاوەی کە
بەڵێنم دا وشەکان
لە تارای گوڵی نازدار
لەنجەولاری تریفە
بزەی شەپۆلی عەشق
دەستەملانی وەنەوشە
ماچی دەمەو عەسرانە
لە مەکری گوڵەنێرگز
بۆ خۆشەویستی بچنم
تا یاسای ئەویندارى
ڕێگەی ئەتۆم لێنەگرێ

❋❋

خواردنی قاوەیەک تاڵ
بەدەستانت شیرینە
لێوەکانم چەشنی هەنگ
لە سەر شانەی هەنگوینە



## وەرزی بەهاری عومرم

**مەهاباد. ئیلاهە پیرۆتی "دلۆڤان"**

سەر لە نوێ پێنوس دەگرمە دەستم
دەیهێنمە لێنوس تەواوی هەستم
خودا دەزانێ! ئامانجم چییە
بەرهەمی ژینم ژان و شکەستم

مافم بۆژۆ بوو لە ژینی ڕووناک
دەمگوت نادوێنم قەت لاوی ڕووپاک
داهاتوی خەمناک عەقڵی بردبووم
نەکا دزێک بێ ببا ئەشقی تاک

بەر لە ناسینت دڵم جاوە بوو
تەڵقینی (من)ی مردووم خوێندبوو
هیوا و ئاواتی دڵم مردبوو
وەکوو گەلی کورد خۆشی هەر نەبوو

عەشقت لە چاوم ڕوون بوو گەشاوە
زەردە خەنەی بۆ لێوم هێناوە
هێنایەوە دی بزەی شاراوەم
هەواڵی خۆشیی دڵمی هێناوە

ڕۆژبوونی تۆیە وەک دەڵێن ئەمرۆ
کۆتایی پێ هات ژینی پڕ لە سۆ
وەرزی بەهاری عومرم گەڕاوە
کاتم لەگەڵ تۆ ناڕوا بە فیرۆ

پیرۆز بێت جێژنی لە دایک بوونت
هەر کامران بێ دڵ و دەروونت
چەپکێک گوڵی جوان ئاراستەی باڵات
وەکوو خۆت جوان بێ داهاتووی ڕوونت



## ڨلم کە

**ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی"**

ئوو ئەژ خوەم، ئەژ تو ڨڕیامە ڨلم کە
لِ گەل بڕیامە، زڕیامە ڨلم کە
مِ ناوێ بیم دِ ناو ئی هەمکە ناوە
چِ زوونستم کِ سڕیامە، ڨلم کە
مِ "سەفحەی کورد" گەوریتر لِ هەر گەور
ئەگەر گەورام،
ئەگەر گەوری،
دەێ دڕیامە،
ڨلم کە
هە چی ئی قافیەو کیشە ک شێوێ
مِ شێویامە، پەشێویامە، ڨلم کە
خوەم ئاسارە زلەی هەفت ئاسموون بیم
نەێزوونم، ڨەرچە جڕیامە، ڨلم کە
د قەیم ئاسە، گوڵەل سەوزەو دکردن
ڨلم کە، ئمکە رزیامە، ڨلم کە
گڵاڵێکم، نڵاتەی تافەتاڤێک
دِ ناو خوەم، ئێرە رژیامە، ڨلم کە
دزوونم تاسە بێتو تاسنێکەم
تەکانەم، ها کِ تەکیامە ڨلم کە
چە خوازی؟ ئژ مِ؟ ئاسە؟ ئێسە؟ یا خوەت؟
ئژ ئی ئێسە، ئژ ئوو ئاسە، هەێ ڨڕیامە، ڨلم کە

غزلی بە گویش کوردی فەیلی (پەهلەیی)
لهجەی کوردەلی، خاص ایل کورد پهلە
بومیان جنوب استان ایلام و شرق دجلە



**بۆکان. هیدایەت ئازەری"خەمبار"**

## دەکـەم یـادت

دەکەم یادت ,بـەیـادت تـا بمێنم
وەرە ڕۆژێک ,نەوەک بمرم نەمێنم
تەبیب هاتوو ,حیلاجی زامی نەکرد
بە دەستی تۆ ,دەمێنم من دەمێنم

## چـرای بـەختم

بـەهـاری ژیـــن چ وەرزێکی سەخت بوو
چـرای بـەختم بـەکاتی نـاوەخـت بوو
گەڵای بەختم وەراندی چەرخی گەردوون
قـەڵای عـومـرم لە ژێر پێمدا تەخت بوو

بۆ کۆچی دوایی شاعیری ناودار مامۆستا جەلال مەلەکشا

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# خولەپیزە




بانە، ئیسماعیل غەمگین

زۆربەمان چیرۆکی (خولەپیزە)مان بیستووە،
خولە پیزە ناوی تەواوی (مەحموودی حەمەومینە رەش)ـە،
لە گوندی چەمیاڵە لە ناوچەی شارباژێڕ سەر بە ناحیەی زەڵان لە دایکبووە.
ژیانی خێزانی حەمەومینە ڕەش و پیرۆزی هاوسەری، وەکو زۆربەی کۆمەڵگەی ئەو کاتی کودەواریی، خێزانێکی هەژار و نەخوێندەواربوون.
حەمەومین و پیرۆز چوار کوڕ و کچێکیان هەبووە. بەڵام کوڕەکانی بە پاشگری ناوی پیرۆزی دایکیان کە کورتکراوەتەوە بۆ " پیزە" بانگ کراون.

ئەو بەیتە فۆلکلۆرییانەی بەسەر داستانەکانی ئەواندا هەڵدراوە ئێستاش زیندوون،
کێبێت لەبیری نەمابێت کە دەیانوت: (شاخەکەی کەتوو پلەپلەیە، تەقەی برنەوی تالەو خولەیە)
(بڵێن بە دایکم خۆی نەکات ئاڵۆز گوللەی مەحموود دەیکات تەپەتۆز)
هەروەها (بڵێن بە میریی وا من بەتەمام، چاوەڕوانیانم لە ئاشی بارام.
یاخوا بەخێربێن پۆلیسی سواریی، تفەنگ و فیشەک دێنن بە دیاریی)
و زۆر بەیت و کاسێتی تۆمارکراوی گۆرانیی تر بەسەر ئەو ڕووداوانەدا لە ناوچەکانی کوردستان دەستاو دەستیان کردووە.
کاتێ دەوڵەت دەیەوێ بیکاتە سەرباز، بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە.
پۆلیس بۆ ئەوەی دەستگیری بکات دەچێنە سەر ماڵیان لە گوندەکەی خۆیان ،تەقە لە پۆلیسەکان دەکات و بەرپرسەکەیان دەکوژێ. لێرەوە یاخیبوونی پیاوێک لە دژی دەوڵەتی عێراق دەستپێدەکات کە تا ساڵانێکی زۆر بە تەنیا دەبێتە چیرۆکی ناوماڵان لە شار و گوندەکاندا.
ئەو یاخیبووە خولە پیزەیە.
ئەو یاخیبوونەی خولە پیزە کە حەوت ساڵی خایاندووە،چونکە هیچ ناونیشانێکی نەتەوەیی یان ئاینیی پێوە نەبووە، حکومەتی ئەو کاتی عێراق بە "چەتە و دز و ڕێگر" تاوانباری دەکات. بەڵام خەڵکی ئاسایی هەرگیز ئەویان وەکو دز و ڕێگر نەناسیەوە.
بە درێژایی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەی دژی حکومەت، خولە پیزە زۆربەی شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەکانی لەگەڵ پۆلیسدا بووە. هەرچەندە ئامارێکی ورد و باوەڕپێکراو لەمبارەیەوە نییە، بەڵام دەوترێ ١٣٠ پۆلیس و بەکرێگیراوی حکومەت بە دەستی خولە پیزە و هاورێکانی کوژراون لەگەڵ چەندین دادوەر و کاربەدەستی دیکەی حکومیی.
خولە پیزە بێجگە لە تایەر و ڕەحیمی برای، دەوترێ هەمیشە ١٠ بۆ ١٥ چەکداری تری لەگەڵدا بووەو شوێنی چالاکی و ڕووبەڕوو بوونەوەکانی، لە ناوچەی سەخت و شاخاوی شارباژێڕ بووەو بە ناوچەکانی پێنجوێن، بانە، هەڵەبجە و هەورامانیشدا گەڕاوە.

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

**چەتەیەکی بێ ناونیشان**


South Kurdistan – Penjwin Xwla Pize, 1950s
خوڵە پیزە، ناوچەی پێنجوێن باشوری کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٠کان

ڕۆژێک لە پێنجوێنەوە مەفرەزەیەکی پۆلیس دەچن تا خولە پیزە دەستگیری بکەن یان بیکوژن. بەیانی زوو پۆلیسەکان دەچنە ئەو گوندەی ئیخباری کراوە، تۆزێک لە دووری ئاواییەکە پۆلیسەکان خۆیان مەڵاسداوە تا خولە پیزە بکەوێتە داوەکەیانەوە. زۆر نابا خولە پیزە بێ ئاگا لە پۆلیسەکان بە بەردەمیاندا ڕەت دەبێ.
بەپرسی مەفرەزەکە بە سرتە بە پۆلیسەکان دەڵێ: کەس تەقەی لێ نەکات نەکا پێوەبێ. دواتر پۆلیسەکان بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن ئەی ئێمە بۆچی هاتووین؟ بەرپرسەکەیان دەڵێ ئەگەر ئێمە خولە پیزە بکوژین، حکومەتی عێراق شەرەفی هەمووومان دەشکێنێ و حساب بۆ کورد ناکات.
نزیکی نیوەڕۆ کاتێ پۆلیسەکان دەگەڕێنەوە بەرەو پێنجوێن، بە بەردەمی خولە پیزەدا تێدەپەڕن بەڵام تەقەیان لێناکات، دواتر جواب دەنێرێ بۆ بەرپرسەکەیان دەڵێ بۆیە نەمکوشتن وتم ئەگەر ئێستا ئەم پۆلیسە کوردانە لەناو ببەم، حکومەت پۆلیسی عەرەب دەهێنێتە سەرم!
لەم چیرۆکەدا بەریەککەوتنی دوو کورد هەیە کە یەکیان پیاوی دەوڵەت و ئەوی تریان یاخی لە دەوڵەت. بەڵام هەردووکیان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە کوردبوون بۆ لەناوبردن نییە، ئەم دوو کوردە هیچیان ناسنامەیەکی نەتەوەیی نییە لە ئەرک و پەیامەکانیاندا.
خولە پیزە کاتێ یاخی دەبێ لە دامودەزگاکانی حکومەت (کە بەگوێرەی قسەی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز خولە پیزە ساڵی ١٩٤٢ یاخیبووە) کورد لە باشووری کوردستان هیچ جوڵانەوەیەکی چەکداریی یان حزبێکی نەماوە بە ئاشکرا خەبات بکات. بۆیە خولە پیزە و هاوڕێکانی ناتوانن یاخیبوون وجوڵانەوەکەیان ببەستنەوە بە فیکرێک یان بیروباوەڕێکەوە.

چەتە کە ئێستا دەستەواژەیەکە بۆ دز و ڕێگر و تاڵانچی بەکار دەنهێنرێ، نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (پەنجەکان یەکتر دەشکێنن) ڕوونی دەکاتەوە: لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا، لە ناوچەی باڵقان بۆ ئەو کەسانە بەکار براوە کە گەریلابوون و دژی دەوڵەتی سەردەستە جەنگاون. چەتەگەرییش بە مانای شەڕی پارتیزانی هاتووە. تەنانەت بە چەکدارانی حکومەت و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفیدیش هەر چەتە وتراوە. بەڵام دواتر ئەم ناوە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی لە دەست دەدات و دەبێت پێناسەی کەسانی دز و تاڵانچی.

حکومەتی ئەو کاتی عێراق کە زۆر داخ لە دڵە بۆ خولە پیزە، نازناوی چەتە و دزی دەداتە پاڵ. لەناو خەڵک و میدیاکانی بەردەستیدا هەموو هەوڵێک دەدا تا خولە پیزە بە " پیاوکوژ و دز و جەردە" بناسێنێ.
بەڵام پێچەوانەی ویستی حکومەت، چیرۆکەکانی خولە پیزە لەناو خەڵکدا چیرۆکی پیاوێکن کە دژی ستەم و زۆرداری حکومەت و پۆلیس وەستاوەتەوە.
چونکە لەو کاتەدا

تەنیا خولە پیزە و هاوڕێکانی بوون کە بە چەک ناڕەزایی خۆیان بە حکومەتی سەردەستەی بەغدا دەگەیاند.

جەمال نەبەز لە کتێبی "بیرەوەرینامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دی ناگەڕێنەوە" کە ساڵی ٢٠١٧ چاپی کرد، نووسیویەتی: لە سەردەمی قوتابیێتی مندا هیچ شتێک هێندەی باسی خولە پیزە نەبووبووە چیرۆکی ماڵان

و بازاڕ و قوتابخانە. ماوەیەکی باش باس هەر باسی خولە پیزە بوو. وەکو ئەوانەی باسیان دەکرد و لە نزیکەوە دەیانناسی، ئەو پیاوە مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ بووە.
چیرۆکی خولە پیزەی کورد کە لە یاخیبوون و چەتەگەرییدا هاوشێوەی ڕۆبن هوودە ئەفسانە نییە
چەتەیەکی بەخشندە
لە ئەدەبیات و ئەفسانەی ئینگلیزدا، ڕۆبن هوود کە پیاوێکی چاپووک و تیهاوێژێکی بە دەسوبردە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دژی دەسەڵات یاخی دەبێ و بڕیار دەدات لە ماڵی دەسەڵات و دەوڵەت بدزێ و بیبەخشێتە هەژاران. ئەمەش وا دەکات ڕۆبن هوود لای دەوڵەت بێزراو و لای خەڵکی ستەملێکراو خۆشەویستبێ.
بەڵام چیرۆکی خولە پیزەی کورد کە لە یاخیبوون و چەتەگەرییدا هاوشێوەی ڕۆبن هوودە ئەفسانە نییە.
بەڵکو خولە پیزە لە دەوڵەتی سەردەستە وەر دەگرێ و دەیبەخشێتە خەڵکی ستەملێکراو.

خولە پیزە لەڕێی ڕێگریکردن لە کاربەدەست و فەرمانبەرانی دەوڵەت، هەڵکوتانە سەر مەخفەر و بنکەی پۆلیس پارە و خۆراک و شتی تری دەسکەوتوون. دەوترێ بەشی زۆری داهاتی خولە پیزە و هاوڕێکانی دابەش دەکرا بەسەر هەژاراندا.

دیسان جەمال نەبەز سەبارەت بە ڕێگرییەکانی خولە پیزە نووسیویەتی: "خولە هیچ کەسێکی هەژاری رووت نەدەکردەوە. زۆرجار ئەو پارەیەی لە دەوڵەتی دەسدەکەوت دەیبەخشی بە هەژاران، هەر ئەمەش ناوێکی باشی لەناو خەڵکدا بۆ پەیدا کردبوو."

**سەرکردەیەکی بێ سوپا**

خولە پیزە لەبەر ئەوەی خوێندەواریی نەبوو، هەروەها فیکر و ئایدۆلۆژییەکی نەبوو تا بیداتە پشت یاخیبوونەکەیەوە، بازنەی جوڵانەوەکەی هەر بە تەسکی مایەوە و هەرگیز نەبووە جوڵانەوەیەکی نیشتمانی یان نەتەوەیی، بەڵام ناوەڕۆکی یاخیبوونەکەی لە دژی ستەم و زۆرداری حکومەتی ئەو کاتی عێراق بووە. ئەو کاتە تەنیا خولە پیزە لە باشووری کوردستان و سلێمانی بە تایبەت بە ئاشکرا دژی ئەو ستەمانە وەستایەوە و دایە چیا.
ئەو کاتەی خولە پیزە یاخی بوو بوو، شێخ مەحمودی حەفید بە دەسبەسەری لە بەغدا دەژیا، جوڵانەوە سیاسیی و چەکدارییەکەی کورد لە باشوور بە تەواوی دامرکابوویەوە. بۆیە خولە پیزە بێ پشتوپەنای سیاسی بوو. بەڵام لەژێرەوە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود و حەپسەخانی نەقیب، یارمەتیان دەدا و لەگەڵیدا کۆدەبوونەوە.

بەگوێرەی قسەی شەریفی برا بچووکی خولە پیزە کە ساڵی ٢٠٠٧ قسەی بۆ ڕۆژنامەنووس سەلاح سالار کردووە، حەپسەخانی نەقیب هەوڵیداوە کە لە نێوان حکومەت و خولە پیزەدا ناوبژی بکات و تایەر و رەحیمی برای خولە پیزە دەچنە سلێمانی، بەڵام لەبەر نەبوونی متمانە بە حکومەت حەپسەخان براکانی خولە پیزە دەنێرێتەوە بۆ شاخ و دەڵێ: نەکا حکومەت داوتان بۆ بنێتەوە بۆیە بگەڕێنەوە و لێرە مەمێنن.




**کۆتاییەکی خەمناک**

جوڵانەوە بەر تەسکەکەی خولە پیزە لەبەر ئەوەی پەیامێکی روونی سیاسی تێدا نییە و سەرکردەکەشی کەسێکی نەخوێندەوارە، لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وەکو شارباژێڕدا قەتیس دەمێنێتەوە. ئەمەش وا دەکات حکومەت بە ئاسانی پیلان دابڕێژێ بۆ گرتن یان کوشتنی خولە پیزە.

دەوترێ چەندین کەسی بەکرێگیراو ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە خولە پیزە بگرن یان بیکوژن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەو کارەدا. دواجار خولە پیزە کەوتە داوی کەسێکی بەکرێگیراو کە خۆی وەکو هاوڕێ و شوێنکەوتوو خۆی لێ نزیک کردبووەوە و لە چیای کەتوو لە ناوچەی شارباژێڕ لە خەودا کوشتی و بە کوشتنی خولە پیزە جوڵانەوەکە کۆتایی پێهات.

کوڕە یاخییەکانی پیزە و حەمەومینە رەش ( تایەر، خولە، رەحیم) یەک بە دوای یەکدا کوژران و کۆتایی بەو چیرۆکە هات کە ساڵانێکی زۆر بوو بوونە ئەفسانەی گوێ ئاگردانی کورد لە بەشێکی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان. خولە پیزە دوایین چەتەی خۆشەویستی کورد بوو کە ئیتر کەس نەیتوانی جێی بگرێتەوەو بۆ هەمیشە لە لاپەڕە فەرامۆشکراوەکانی یاخیبوون و شۆڕشە ناوچەیی و نەناسراوەکانی کورددا دەمێنێتەوە.

**کۆکردنەوەی و ئامادە کردنی:**

❖ غەمگیــن (بە کەڵک وەرگرتن لەماڵپەڕی کوردستان)



# قاسم ترسنۆک!

بانە. باوکی نیشتمان

زەمانی زۆر قەدیم لە شارێکدا پیاوێک لە گەڵ ژنەکەیدا ئەژیا کە خەڵک هەر لە زمانی ژنەکەیەوە بانگیان لێ دەکرد قاسم ترسنۆک!

ئەم کابرایە بەکرێکاری ئەمو ئەو بژێوی ژیانی دابین دەکردو ژیانێکی هەژارانەی هەبوو. قاسم ترسنۆک زەلیلی دەستی ژنەکەی بوو، ئەگەر ڕۆژێک بەدەستی خاڵی بچوایەتە ماڵەوە ژنەکەی جنێوی پێ دەداو لێی دەدا! هەتا ڕۆژێکیان لە ماڵ کردیە دەرەوەو چارۆکەیەک کولێرەو گۆچانێکی دا بەدەستیەوە وتی هەتا بەتەلای زۆرەوە نەگەڕایتەوە، ڕێگەی هاتنە ماڵەوەت نییە! قاسم ترسنۆک بەناچاری چارۆکەکەی بەستە پشتیەوەو گۆچانەکەی گرت بەدەستیەوەو ناوی خوای لێ هێناو لە شار چووە دەرەوە.

ڕۆیی‌و ڕۆیی هەتا لەلای ئێوارە گەیی بەنزیکی ئەشکەوتێ لای خۆی وتی ئەمشەو لێرە دەمێنمەوەو بەیانی ڕێ ئەکەوم. هەر کەچووە ناو ئەشکەوتەکەو چاوی بەتاریکییەکە ڕاهات، دیمەنێکی بینی کە لەوانە بوو لە ترسا دڵی بتۆقێ! بەڵێ ئەم ئەشکەوتە ماڵی حەوت دێوی گەورە بوو کە تیایا ئەژیان هەر کە دێوەکان چاویان بەقاسم ترسنۆک کەوت:ئەم لەم لاوە وتی ئەیخۆم، ئەو لەو لاوە وتی من ئەیخۆم، ئەوی تریان وتی بەشی خۆمە، لەوانە بوو لە ناو یەکدا بیکەن بەقڕە! قاسم ترسنۆک لە دڵی خۆیدا وتی:تازە کار لە کار ترازاوە ئەگەر فێڵێک نەکەم ڕێگەی دەرباز بوونو ڕزگار بوونم بۆ نییە!

لە ناکاو شتێک هات بەبیریدا وتی تازە بەلایەو هاتووە، پیاو نابێ خۆی بدۆڕێنێ‌و ئەبێ ورەم بەرز بێت! لە ناکاو، یەک بەخۆی گوڕاندی کەئەشکەوتەکەدەنگی داوە، دەستێکی بەسمێڵیدا هێناو وتی:

ئەوە تەگبیری خواردنی کێ دەکەن؟!

من هاتووم هەمووتان قۆڵبەست بکەمو بتان بەم، قەلای پاشاتان پێ دروست بکەم! چاوی لێ زەق کردنو دیسان گوڕاندی بەسەریانداو وتی:بەمن دەڵێن قاسم پاڵەوان!

دێوەکان بەجارێ سامیان لێ نیشت قیڕەی قاسم پاڵەوان هێشتا لەگوێیاندا دەزرینگایەوە ئەوە کەچوون بەرەو پیری‌و داوای لێبوردنیان لێ کرد کە نەیانناسیوەو میوانداریێکی باشیان لێ کرد!

لەم حەوت دێوە، یەکێکیان کە ناوی دێوە شەلە بوو، لەوانی‌تر بەهێزترو گەورەترو سەر دەستەی دێوەکان بوو، هەر شکی لە قاسم پاڵەوان هەبووو لێی بەگومان بوو...

شەو کاتی خەوتن جێگایەکی تایبەتیان بۆ قاسم پاڵەوان دیاری کردو بۆخۆشیان لەو لاوە خەوتن.دێوە شەلەیش لەبەر درگای ئەشکەوتەکە ڕاکشابوو بەلام هەر خەوی لێ نەدەکەوت.

هەر لە بیری قاسم پاڵەواندا بوو کە ڕاست دەکا یان نا؟ کاتێ بوو بەنیوەشەو قاسم ترسنۆکی بێچارە وەختابوو زەندەقی بچێ‌و دڵی بتۆقێ لە ترسا، ڕێگەی چوونە دەرو هەلاتنی لێ گیرا بوو تەماشای کرد لە گوشەی بن میچی ئەشکەوتەکە زریوە زریوی ئەستێرە دیار بوو، بەڵێ دیارە ئەو شوێنە کونەو ئاسمانی لێوە دیارە! زۆر بەئاستەمو هێواشی بەدیواری ئەشکەوتەکە، کە جێگەی چنگ گیرکردنی بوو، وەسەر کەوت:کەمێک بەدیوارەکەدا چوو بۆ سەرەوە، دێوە شەلە کە ئاگای لێ بوو وتی:ئەها، ئەوە چی ئەکەی قاسم پاڵەوان؟! نەکا هەڵبێی؟!

دێوەکان هەموو لە خەو ڕاچەنین قاسم پاڵەوان وتی ئەوە چی ئەڵێی ؟

ئەی دێوی دزێوی کوڵکن، ئەی هیچو پووچی نەزانی چڵکن!

لە خەودا بووم، ناکاو ڕاچڵەکیم، جوان سەرنجم دا بزانم ماون یا هەلاتوون؟ کە سەیرم کردن بن میچەکە کونە، وتم با ئەو کونە بگرم نەکا دێوەکان لە وێوە هەڵبێن! دێوەکان ئەوەندەی‌تر سامیان لێ نیشت. لە پاشان قاسم پاڵەوان لەقەز خۆی کردەوە خەو بەلام ئاگای لێ بوو دێوەکان چییان بەیەکترین دەوتو تەگبیری چی‌یان دەکرد.

دێوە شەلە هەر بڕوای بەقاسم پاڵەوان نەهێنا بوو،هەر بۆیە بەدێوەکانی وت کە من بەیانی قاسم ترسنۆک تاقی دەکەمەوە ئەگەر هێزی ئەو لە من زیاتر بوو،ئەوا منیش شکەکەم نامێنێتو ئەو کاتە چی بڵێ بەقسەی دەکەم.
ئەو وتی تازە ئەشکەوتی ئاوامان وەگیر نایە ئەگەر لێرەیش بڕۆین سەرگەردان دەبین،جارێ با بزانین ئەم پیاوە ڕاس ئەکا یان نا؟ یەک لە دێوەکان وتی:دێوە شەلە تۆ دەتەوێ چۆن چۆنی تاقی کەیتەوە ئەویش وتی یەکی بەردێک فڕ ئەدەین بزانین بەردی کامەمان زیاتر ئەڕوات؟!
هەر وەها پێکەوە ئەچینە دارستانو یەکی دارێکی گەورە هەڵئەکەنین هی هەرکامەمان گەورەتر بوو ئەوە بەهێزترە!
قاسم ترسنۆک بەخۆی وت کە ئەم کێشە بەهێزی بیر کردنەوە نەبێت چارەسەر نابێت،بەیانی زوو کە لە خەو هەڵسان قاسم چوو بۆ سەر کانی دەمو چاوی بشوات،لە پاڵ کانییەکە چۆلەکەیەکی گرتو خستیە گیرفانییەوە!
لە دوای نان خواردن هەر وا کەچاوەڕوانی دەکرد دێوە شەلە پێی وت:قاسم پاڵەوان بۆ ئەوەی متمانەی تەواومان بەجەنابت بێت دوو جار تاقیت ئەکەینەوە،ئەگەر بردتەوە ئەوە هەرچی تۆ بڵێی وا دەبێو ئەگەریش نا ئەوە هەرچی من بڵێم وا دەبێ!
قاسم ترسنۆکی بێچارە کە ڕێگەیەکیتری‌نەبوو قەبووڵی‌کرد،هەرلەوێدا دێوە شەلە بەردێکی هەڵگرتو بەهێزی خۆی فڕێی‌دا بەردەکە ڕۆیشت زۆر دوور کەوتەخوارەوە بەڵێ ئەمجارە نۆبەی قاسم پاڵەوان بوو،ئەویش کە زووترچارەی بۆ ئەم گێرەوکێشە چاوەڕوان کراوە کردبوو،دەستی‌کرد بەگیرفانیداو چۆلەکەکەی خستە دەستیەوەو فڕێی دا،چۆلەکە ڕۆیشتو ڕۆیشتو هەر نەنیشتەوەو لەچاوان ون بوو.
دێوەکان کە وایان دەزانی قاسم پاڵەوانیش بەردی فڕداوە بڕوایان پێ‌هێنا کە ئەو لە دێوە شەلە بەهێزترە!
دێوە شەلە کە هێشتا کەمێک شکی مابوو گوریسێکی گەورەو درێژی هەڵگرتو لە گەڵ قاسم ترسنۆکدا ڕوویان کردە لای دارستان...
لەوێ دێوە شەلە باوەشی کرد بەناو قەدی دارێکی زۆر گەورەداو لە ڕیشەوە هەڵی کەند.
ئەمجار نۆبەی قاسم ترسنۆک بوو،ئەویش سەرێکی گوریسەکەی بەست بەدارێکەوەو سەرەکەی تری گرت بەدەستیەوەو ڕۆیی دێوە شەلە وتی بۆ کوێ؟ قاسم وتی:دەمەوێ دارێکی زۆر هەر بەیەکجاری هەڵکەنم بیدەم بەسەر پشتی تۆداو بیبەیتەوە بۆ بەر دەم ئەشکەوتەکە! دێوە شەلە ترسی لێ نیشت! ئەگەر ئەو دارانەی هەڵبکەندایەت و بیدایە بەسەر پشتی ئەمدا پشتی دەشکا!
هەر بۆیە سەعاتێ لە بەری پاڕایەوە،بەقوربانت بم! جەنابت بۆ زەحمەت ئەکێشی خۆ من بڕوام بەو هێزەی جەنابت هێناوەو ڕووی شەیتان ڕەش بێت ئەینا هەر لە هەوەڵیشەوە دیار بوو کە جەنابت پاڵەوانێکی کە زۆر لە ئێمە بەهێزتری!
بەڵێ دێوە شەلە دارەکەی کە خۆی هەڵی کەندبوو نایە سەر پشتیو هاتنەوە بۆ ئەشکەوت لەوێ بەدێوەکانی‌تری وت کە ئەم پیاوە یەکجار بەهێزەو بەزۆر بەمە وازی هێنا،دەیویست ئەو دارستانە لە ڕیشە هەڵکەنێتو بیدا بەسەر پشتمدا! هەرگیز کەسی‌وا بەهێزم نەدیوە!
دێوەکان ئەو شەوە تاکوو بەیانی لە بەری پاڕانەوە کە کاری پێیان نەبێتو لێیان خۆش بێتو ئەمانیش هەرچی ئەو داوای بکات بۆی جێ بەجێ بکەن!
بۆ بەیانی دێوە شەلە بەسندووقێک بەسەر شانەوە لە گەڵ قاسم پاڵەوان تا نزیک شار چوو،بەڵێ سەندووقێکی پڕ لە زێڕو ئاڵتوون. لەوە بەدوا قاسم ترسنۆک بوو بەتاجرێکی دەوڵەمەندو دڵاوا،ئەو کاتی خۆی تامی ژیانی هەژارانەی چێشتبوو هەر بۆیە هەمیشە لە بیری لێقەوماواندا بووو یارمەتی ئەدان!...

# گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی عێراق



سنه. پژمان حەبیبی

ساڵی ٢٠٠١ زایینی ساڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە وڵاتی عێراق، حکومەتی دیکتاتۆر و خوێنمژی سەدام لە سر دەستی ئەمریکییەکان لە سەر حوکم لادرا، لەو کاتەوە کە حکوومەتی کاتی لە بەغداد دامەزراوە، کێبەرکێیەکی زۆر لە نێوان حێزبەکان و سیاسەتوانانی عێراق بە پاڵپشتی وڵاتانی دراوسێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هاتووەتە ئاراوە. پاڵپشتی ئەمریکییەکان لە دامەزراوە یاساییەکان و پاڵپشتی ئایەتوڵا سیستانی مەرجەعی باڵای شێعەکان بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایش لە عێراق، ئەم وڵاتەی لە لێواری شۆڕشی جۆراوجۆر و شەڕی ناوخۆیی گەڕاندووەتەوە، داکۆکی ئەم دواییەی ئایەتوڵا سیستانی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چاودێری هەڵبژاردنی پارلمانی داهاتووی عێراق، گرووپە نایاسایی و میلیشیاکانی بە توندی تووڕە کرد، سەرقاڵبوونی ئەمریکییەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەمریکاوە هەلی بۆ میلیشیاکان ڕەخساندووە کە هاوێشتنی گولەهاوەن بۆ گەرەکی سەوزی بەغدا چڕوپڕ بکەنەوە، تێرۆری سیاسەتوان و شرۆڤەکاری سیاسی نێزێک لە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەستپێبکەن. ئەمریکییەکان لە هەمبەر بێدەنگ بوونی حکوومەتی کازمی، هەڕەشەی داخستنی باڵیۆخانەکەیان لە بەغداد کرد، باڵیۆزخانەیەک کە گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. لە ژێر گوشاری ئەمریکییەکان زەختی کازمی بۆ سەر میلیشیاکان زۆرتر بووە، چەند فەرماندەی پولیسی نزیک لە میلیشیاکان لە سەر تێرۆری ڕۆژنامەوانێک لە کار دوور خرانەوە، بنکەی حەشدی شەعبی لە فرۆکەخانەی بەغداد داخرا، لە گەڵ هەولێر هاوئاهەنگیان کردووە کە شنگاڵ بە شەراکەتی هەولێر و بەغدا بەڕێوە بچێت. حەشدی شەعبی بە هەڵکردنی چرای سەوزی تاقمێک لە بەرژەوەندخوازانی باشوور، کاردانەوەی توندی لە هەمبەر ئەم گۆڕانکارییانە دژ بە هولێر هەڵبژاردووە؛ بە گولە هاوەن هێرشی سەر فرۆکەخانەی هەولێریان کرد و ئەمڕۆش بە سووتاندنی ئاڵای کوردستان و بارەگای لقی پەنجی پارتی لە بەغداد پەرەیان بە کارەکەیان دا.

ئەگەری هەیە ئەو پێشهاتە تاڵ و قیزەونانە، خەڵکی ئاسایی لە بارودۆخی عێراق بێهیوا کردبێت بەڵام لە وڵاتێکدا کە سەدان ساڵە بە کلتووری دیکتاتۆری خوی گرتووە و بارودۆخی ئابووری بە هۆی داکەوتنی نرخی نەوتەوە زۆر لاوازبووە ئەم پێشهاتانە و پێشهاتی تاڵتریش زۆر سرووشتییە. فرە حێزبی لە عێراق، میدیای ئازاد، لە هەموو گرنگتر تێوەنەگلانی مەرجەعی باڵای شێعەکان لە سیاسەت و داکۆکی هەمیشەییان لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک، سێ فاکتەری هەرەگرنگن بۆ بەرەپێشچوونی دێموکراسی لەو وڵاتە، پاراستنی کیانی سیاسی و چاوکردنەوەی جیلی تازە پێگەیشتوی عێراق لە کەشوهەوای ئازاد و دێموکراتدا.

ئیدئولۆژی، برسیەتی و بێزانستی،
سێ لەنگەری باوەڕپێکراوی پاپۆڕی دیکتاتۆرن،
بۆیە دیکتاتۆران لە گەڵ فرە حێزبی، میدیای ئازاد و دێموکراسی بە تەواوی دژبەرن.



## ئەگەر ویستمان

مەحموود دەرویش

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

ئەگەر ویستمان، ئەو دەمە ئەبینە میللەت
کە زانیمان.. نە ئێمە فریشتەین و
نە خراپەش بەتەنها پیشەی ئەوانی ترە
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
نوێژی شوکرانە بۆ نیشتمانی پیرۆز نەکەین
گەر هەژاری.. نانێکی هەبوو بۆ ژەمی ئێواری..
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
کە توانیمان بێ دادگایی
جنێو بە دەرگاوانی سوڵتان و سوڵتان بدەین
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
کە شاعیرێ توانیی بێپەردە
وەسفی.. سکی ژنەسەمازانێ بکا
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
ئەو قسانە فەرامۆش کەین کە عەشیرەت پێمان ئەڵێ
تاکەکەسیش شتی ورد بەرز ڕاگرێ
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
کە نووسەرێ.. لە ئەستێرەکان ئەنواڕێ
نەڵێ: وڵاتەکەی ئێمە بەرزترین و جوانترینە!
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
پۆلیسی ئەخلاق ڕێ لەوە بگرێ
لەسەر شەقامەکان.. لە شۆخ یا زیناکار بدرێ
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
تاکی ئێمە تەنها لە یاریگاکان و
کێبرکێی جوانی و ڕۆژی ڕەشیدا
ئاڵاکەی بە یادا نەگوزەرێ
ئەگەر ویستمان، ئەو دەمە ئەبینە میللەت
ڕێ بە سترانبێژێ بدرێ
لە شاییدا ئایەتێک
لە "سوورەتی ڕەحمان" بچڕێ
ئەو دەمە ئەبینە میللەت
هەر یەکێکمان
هەم ڕێز لە ڕاستی و هەم ڕێز لە هەڵەش بگرێ.



## بانە

کرماشان. تاهیروەیسی(کۆچەر)

شێعرێکت بۆدابڕێژم،قەت ڕەشی تێدا نەبێ
کۆسپی هەژاری وکۆیلەتی،بێ بەشی تێدا نەبێ

قەت ژنێکی نالەباری،سەرشەقامی شارودێ
ڕەنجبەرێک یاڕەنجبێوەرێک"بێ بەشی تێدانەبێ

وەک قەسیدەی عاشقان"با قافیەی دڵداری بێ
دڵ بەدڵ دڵداری بێ وبەس"کۆڵکەشی تێدانەبێ

کەس بەهۆی ئەمرازی ناخۆش"خۆشییانی تێک نەچێ
هەرئەوەندەخۆش وچالاک "ناخۆشی تێدانەبێ

من دەزانم تۆشایانی "هەرچی جوانە لای خودا
بۆیە جوانت بۆ ئەنوسم "جەڵدەشی تێدانەبێ

هەرئەوەندە خات و خاوێن"شۆخ وشەنگ وجێ حەسان
کەس جێت نەهێڵێ زێدی جوان"ڕوڕەشی تێدانەبێ

باخ ومێرگ وشاخ وچۆمت"سەدبەهەشتی جوانەژێ
تۆی بەهەشتی کوردەوارم "قەرقەشی تێدانەبێ

(بۆشاری بانە زێدی خۆشەویستم)



# چیرۆکێک لەسەر ڕۆمانی«کۆشکی باڵندە غەمگینەکان»، بەختیار عەلی

بانه. غەفوور ساڵحی

ئەم خەنجەرە مەلعوونە، لەو تیخانەیە کە دەسکی خۆیان دەبڕن
باوکی ناوی نابوو "حەمە تینوو". وەک دەیانگوت، باوکی بۆیە ئەو ناوەی سەرناوە، کە گوایە کاتی خۆی تووش دەردێک بووە کە قەت تینوایەتی نەدەشکا. کاتێک دایکی لە باوکی ڕاسابوو و گوتبووی:" ئەیەرۆ پیاوەکە چۆنت دڵ دێ ناونوتکەی وا شوێن حەمەکەی دەخەی؟". لە جوابدا گوتبووی: " ناونیتکە؟!!! ژنەکێ، جارێ ڕاوەستەو سەبرت هەبێ. تۆ ئەم قسەی من هەڵگرە. ئەگەر ئەم هەتیوە ئاخرەکەی بە تینوایەتی نەمرد، تۆ بە ناوی خۆم بانگم مەکە."
کاتژمێر یەکی نیوەشەوی دووشەممە، ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی بوو. "حەمە تینوو"ئیتر ئاگای لەخۆی بڕا و بە تویێ ژێرکراس و ژێرپانتۆڵێکەوە لە ژوورەکەی هاتە دەرێ وشپرێو و بێحاڵ پەرداخێک ئاوی هەڵقوراند وخۆی هاویشتە سەر مۆبلە درێژە سێکەسیەکەی هۆڵەکەیان.بەتەنیا و نیوەڕاکشاو، نوقمی وەهم و خەیاڵات. ئاگای لە هەمزەو هەباس نەبوو. تینوو، زۆر بە ختولکەی بەرەقاچەکانی قەڵس بوو، بەڵام ئەمشەوپێموایە ئەگەر بەرەقاچاکانت سووژناژن کردبایە، ڕانەدەچڵەکی. مەستی مەست لە بادەی وشەو ڕستە هەستیار و ڕەنگینەکان، وەرکەوتبوو. دەتگوت ڕیزبەندی وشەکان،بوونەتە دوو کەژی ئەستووری قۆچەقانی وئەویان وەک خڕکێک هەڵداوەتە جیهانی ڕابوردووەوە. هێشتا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بێکۆتایی ئەو گەشتە عەجایەباتە، وەک شریتی فلیمێکی پڕ لە تراژێدیا وهورووژێنەری ژیانە جیاوازەکان، لە نێو مێشکیدا هەر دەهات و دەچوو. جۆری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، هەستی بەجۆرێک لێکردبوو، کە لە نێو ئەو ناورياييەدا، ورياييەکی بیدەنگ و ڕەمزاوی پێبەخشیبوو. وەک ڕێبوارێکی ڕاماو و تێرنەبوو، تامەزرۆی بەردەوامی ئەو سەفەرە دڵهەژێنە. لەبەرخۆیەوە دەیگوت:"بەخوا حەیف تەواو بوو!تەواو بوو؟ نا، نا، تەواو نەبووە. سەفەری وا قەت تەواو نابێ!"
سەری لە بیری تیژ ووێژەی پتەو وهێزر و هەستی جوان و بێگەرد و ڕەنگاوڕەنگی نووسەری بەسەرهاتەکە سووڕمابوو. لەبەر خۆیەوە دەیبزرکاند: "ڕاستی ئەو چۆن توانیویەتی بەجێی ئەو گشتە کەسایەتیە جۆراجۆر و جیاواز و جیاکارانە بیروەکات و بدوێت؟! ئەو خەڵکانەی، کە هەرکام، لە چین و مەرتەبە و مەنزڵێکی جیاواز بوون. کۆمەڵێک کەسێتی بە تایبەتمەندی شوێن وشێوازی ژیان وگەوشینی کەسین و تاقانەی خۆیانەوە. چۆنە کە ئەو توانیویەتی بەجێی هەموان و وەک هەموان وبەهەمان وشەو ڕستەکانی هەموانقسەبکات وهەستەکانیان دەرببڕێت؟! نازانم!"
*****
تینوو وای هەست دەکرد، هەر کە ڕێیکەوتە نێو "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" و مەلەی تیاکرد،وەک ئەوە وابوو چووبێتە نێو «ئاوێنەیەکی گەورە»وە. لەگەڵ خۆی دەدوا: "حەیف بووا هیچ پێمخۆشنەبوو بگاتە کۆتایی. کۆتاییەک کە هێشتا من وەک سەرتایەک دەمبینی ولاموابوو دەبوا، هەتا ناکۆتا بەردەوام بێت."
بیری«هوزار»ی دەکرد، ئەو کاتەی کە بەڕێیکرد بۆ گەشت و سەفەرێک، بۆ تەواوکردنی ئاکام و ئەنجامەکانی سەفەری ڕێبوارانی پێشوو. بیری پەڕی و ئاوڕی دایەوە وپێچدانەوەگەشتێکی کردبۆ ناو لاپەڕە ڕەش و سپییەکانی ڕابوردوو ووەرگەڕایەوە بۆ سەردەمی لاوی خۆی و بەخۆی گوت: "تۆ بڵێی هوزار بە«ماسیەسوورە چکۆلانە»کەی پێبکرێت وبتوانێ بەردەوامی بات بە سەفەری بە ئاوات نەگەیشتووی «ماسیە ڕەشە گچکەڵە» و هاوڕێکانی؟ تۆ بڵێی...؟تۆ بڵێی...؟...، پاشان هەروا خەیاڵی ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت؛ لەوسەرەوە کە گەڕایەوە پێی وت: "خۆ لە دەسپێکی سەفەری ماسیەسوورەش دڵنیاین، بەڵام ئێستا و ئێستاش نەمانزانی بەرەوکوێ چوو وچیبەسەرهات."

****

تینووبۆ یەکەمجار لە سەفەری دڵهەژێنی بۆ نێو کۆشک، بە «فیکرەت گوڵدانچی» ئاشنا بوو. ئەو فیکرەتەی کە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە: «...جیهان ئاوێنەیەکی گەورەیە؛ بەڵام چەشنە ئاوێنەیەک کە مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، دەبێ بچێتە ناوی. ئاوێنەیەکە، کە لەمدیوەوە وێنەی خۆمانی تێدا نابینین، بەڵکوو دەبێ بڕۆینە ئەودیوی ولەناویدا مەلە بکەین...»تینوو، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو. ئەویش وەک فیکرەت، هەرچی ڕووبەڕوو تماشای کتێبەکەی کردبوو، هیچی تێدا نەبینیبوو؛ تەنانەت وێنەی خۆشی. بەڵامکە چووە ئەودیو ئاوێنەکەوەولە ناویدا مەلەی کرد، ئەوسا نەک خۆی تێدا دیتەوە، بەڵکوو لێشاوی گشت هەست و ئاوات و خولیا و خەونەکانیشی پێ نیشان دا.

بە قۆچەقانییە سێحراوییەکەی، مێهەنگی کاتژمێری ژیانی بەلای پێچەوانەدا، هێندە گێڕایەوە بۆ دواوە، هەتا بۆوە بە هەرزەکارێکی جوانکیلەی کاڵ و نەپوختەو بێ ئەزموون. لەودیو ئاوێنەکەوە، بەگوژمێک بە جادەی ناڕێک و بەکەندولەندی لاوەتیدا تێپەڕیی وگوزەری کرد بە تۆنێلی لێڵ و تەماوی نێڤساڵیدا.لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک وکولاندنەوەی پەستاپەستای برینە کۆنەکانی،دەربازگەکانی ژیان، گێڕایانەوە بۆ سەردەمی پیری وبە دیداری ئەو دۆستە دێرینانەی، کە پێی سەیربوو چۆن ماون، شادبۆوە. لە جیهانی پشت ئاوێنەکەوە، ڕێگەی سەفەری دۆزییەوە و فێر بوو چۆن سەفەر کات. مەلە لە نێو ئۆقیانووسی شەپۆلاویی پشت ئاوێنەکەوە، بەو بڕوایەی گەیاند کەمرۆڤ ئەگەر خۆی بیهەوێ،دەتوانێ لە سەفەرێکی هەمیشەییدا بژی.

لەگەڵ گەیشتن بە هەر لوتکەیەک، یەکیدی چاوت لێدەقرتێنێ وبانگت دەکات. مرۆڤ بێ سەفەر ناژی و هەر کە سەفەرێکی تەواو کرد، پلان و نەخشەی سەفەرێکیدی دادەڕێژێت. ئێستا ئیتر حەمە تینوو، وەک جاران نەماوە وئەزموونی سەفەرەکانی پێشووتری، کردۆتە توێشووی سەفەری ئەمجاری. سەفەر لەگەڵ "هوزار". هوزارێکی تازەپێگەیشتوو، کە هێشتا لاوێژەیەکی کاڵ و کرچ بوو. چێژ و جەزەبەی،ئاوێتەی تاڵ و شیرینیی سەفەری پێشووی، وایلێکرد، گوێ بە گرفت و بەربەستەکان نەدات وپەلکێش بێت بەرەو سەفەرێکیدی. پێیوابوو بە دەسکەوتەکانی سەفەرەکانی پێشووی، بتوانێ دەستی هوزاریش بگرێت. کەواتە سەفەری لەگەڵ هوزاریش، ببوە ئەمرێکی واقیع ونەیدەتوانی خۆی لێ ببوێرێت و بەخۆی دەگوت:" بەڕاستی سەفەر قەت دوایی نایات."

****

لەگەشتی پێشوویدا، ببوە هاوڕێ و هاوسەفەری کاراکتەرە جۆراجۆر و ڕەنگاڵەکانی بەسەرهاتێکی، خۆشینک و دڵهەژێن. دەیگوت:"تێیهەڵدە لە ژیانی نووستوو و وەستاو. ژیان بە بێ بزووە حەرەکە و دڵەکوتەو هەڵچوون و داچوون، لەکوێ ژیانە: "نەشئە لە مژینی بەردەوامی هەوای نێو شار و قاوەخانەوکۆشکی باڵندەکان ودەنگ و جریوە و بۆنە هەمەچەشنەکانیان، کە هەرکامیان باسە سەیر و سەمەرەکانی شوێنێکی دوورەدەستی جیهانیان بۆ دەدرکاند وچێژێکی تایبەتیان پێدەبەخشی. تینوو، بەڕاستی توانیبووی، لەگەڵ گشت کاراکتەر و کەسایەتییە جوداواز و جیاکارەکانی بەسەرهاتەکەدا بژیی وزۆرێک لە ژیانە جیاوازەکان، بەتاقیوەکات. بیری دەکردەوەکە چۆن لەگەڵ «کامەران و مەنگوڕ و خالید»، چووە سەفەرێکی هەشت ساڵەی جیهانناسی. لەگەڵ ئەوان خەسار و خەتەرەکانی ئەو سەفەرەی، بەگیان کڕی ووەک ئەوان، ئەویش قەفەزەی بۆ باڵندەکان سازکرد؛ بەو هیوایەی کە بەڵێنی بەجێبهێنێت و، ڕۆژی گەڕانەوەی، کاروانی باڵندەڕەنگینەکان، بکاتە دیاریەکی بەنرخ بۆ خۆشەویستەکەی. تینوو، لەگەڵ قاچاخچیە بێبەزەییە ترسناکەکان ڕێکەوت وبە بەلەمێکی بچووکەوەو، بە قەڵفەزەی باڵندەکانەوە، شەپۆلە هەرەبەرزەکانی چۆم و زەریا و ئۆقیانووسەکانی بەزاند. لەگەڵ ئەواندا بەدەیانجار عاشق بوو و شکستی هێنا وکەوت و دیسانەوە هەستایەوە. لەگەڵ ئەواندا ماندوو بوو و، دوایی چەلێک حەسایەوە.

لەگەڵ ئەواندا بۆ دەمێک پشوودان، خەوت و لەپڕ لەخەو ڕاپەڕی. لەگەڵ ئەواندا پێکەوە لە قاوەخانەکان، لە پیاڵە ناوقەدباریکە خەتزێڕینەکاندا، چایان خواردەوە. لەگەڵ ئەواندا هەڵات و، خۆی حەشاردا و دوایی گەڕایەوە و گۆڤەندی گێڕا وهەڵپەڕیی و دواجار گریا.

حەمە تینوو، هەروا لە نێو جیهانێکی ون و وەهماویدادەخولایەوە. هاتەوە بیری، کە لەگەڵ «مەنگوڕ»دا کەوتە قسە و«کامەرانی سەلما»ی زۆر سەرزەنیشت کرد. پێیگوت: "کامەران، تۆ چۆن دڵت هات، بە خەنجەری ڕق و

کینە، سینەی لاوێکی عاشقی، وەک «مەنسوور ئەسرین» بقەڵاشێت؟!" گوتی: "ئاخر کوڕیچاک، تۆز و تیژایی چەقۆ لەکوێ و سۆز و بڕیایی عەشق لەکوێ؟ ئاخر لە کوێ بیستووتەو، لەکامێک لە بەسەرهاتە عاشقانە ڕاستەقینەکاندا، باس لەوە کراوە کە زەبر و تیژی چەقۆ، ئەڤینێکی ڕاستەقینەی سەلماندبێت؟!"هەربۆیەش، تینوو نەیهێشت، مەنسوور ئەسرینیش، بەتەنیا بگەڕێتەوە بۆ بەردەوامیسەفەرە بێکۆتاییەکەی ولەگەڵ ئەویش ڕێکەوت. تینوو، لەگەڵ «خالید ئاموون»دا، تێکەڵ بە خێڵەکانی نێو شار و وڵاتەکەی بوو وژیانی خێڵەکیشی ئەزموونکرد. لەگەڵ «سەوسەن»دا، ئالوودە و هۆگر و شەیدای، کتێبخانە تاقانە بێهاوتاکەی «فیکرەت گوڵدانچی» بوو وبووش بە هاوکار و وەردەستی فیکرەت و دەیگوت: "باخچەی کتێب بەوەدەڵێن. دەبێ یارمەتی فیکرەت بدەم ونەهێڵم گوڵەکانی ئەو باخچە ناوازە بژاکێن." لەگەڵ فیکرەت پێکەوە ورد و بێدەنگ و بەردوام، چاوەدێری ئەو مەخلووقە جوانکیلەیان دەکرد. کێژۆڵەیەکی ڕەنگ پەڕیو و تەنک و تەسک و نەرم و ناسک. پێکەوە ببوونە قەرەوڵ و ئێشکگری گوڵێکی ناسکی کاغەزیی، نەبەشکم گەڵاو گوڵپەڕە ناسکەکانی بژاکێن و هەڵوەرن. بەخۆی دەگوت: "ئەم پەرییە زۆر ناسکە! دەبێ منیش وریای ویست و هەستەکانی بم."ئەو سەوسەنەی کە لێی فێربوو، چۆن بتوانێ بەبێ بۆن و بەبێ دەنگ، تەنیا لەڕووی، ڕەنگەکانی نێو ئالبۆم و ئەتڵەس و نەخشە و وێنەکانەوە، وێنای خەیاڵیی سەفەر، بۆ گشت شوێن و قوژبنەکانی ئەم جیهانە پان و بەرینە بخوڵقێنێت. تینوو لەو سەفەرەدا، لەگەڵ «پرۆشە»شدا ژیا، تا لێی فێری سەبر و تاقەت بێت. لەگەڵ «نزار»دا ڕۆشت وبەبێ چەشتنی لەزەت و خۆشیەکانی، ڕۆژانی یەکەمی هاوسەرگیریی، بنەماڵەی بەرەو سەفەری بێگەڕانەوەی، بەرەکانی جەنگێکی نەگریس و بێزارکەر و بێمانا، جێهێشت.

تینوو، قەت ئەو کاتەی لەبیر نەدەچۆوە، کە لەسەرەتای جەنگی ئێران و عێراق، دوای دووجار بۆردومانی عەمباری بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی ئارد لە بەغداد، چۆن لەگەڵ فیکرەت گوڵدانچیدا بەرنەکەوتن ووەک مۆجزەیەک، لە ناو چڕی تەم و دووکەڵ و تەپوتۆزی تێکەڵەی ئارد و خۆڵ و خوێن و بارووتدا دەربازبوون. بە دەیان جار، لەم سەفەرەدا مرد و زیندوو بۆوە. تینوو بە دڵ لەگەڵ باڵندەکانی سەوسەندا ژیا وئاوازی چڕی و وەک سێ دڵدادە سەفەریەکەی سەوسەن، فڕی بەسەر ئۆقیانووس و دورگە و جەنگەڵ و لێرەواره ترسناکەکانی دونیا و هەموو گوند و شارو سەرزەمینەکانی ئەم جیهانەی، لەژێر باڵەکانی خۆیدا بەدیکرد. دەیگوت:"خوایە، جیهان چەن نەناسراو و بەرینە. بەس نەبوو هاتمە ئەم سەفەرە."لە گەڵ ئەتڵەس و نەخشەڕێگاو بۆنی باڵندەکانی سەوسەن سەفەری کرد، بۆ زۆرێک لە شوێن و شوێنەوار و ئاسەوارە نەناسراوەکانی جیهان وویڵ و سەرگەردان بەشوێن نۆشدارۆی سۆهرابدا، بیری لەوە دەکردەوە: "تۆ بڵێی زەهری مارێکم بۆ پەیدا نەبێت، بۆ چارەسەری ئەو پەتایانەی کە هەستم پێکردوون و ناسیومن؟! تینوو، هەروا لەگەڵ چێژی سەفەرەکەی، کەوتە کنە و جوستوجۆ بەشوێن هەتوانێکدا.بەشوێن مەرهەمێکدا، کە گەڕایەوە جەستەی زامداری وڵاتەکەی پێ تیمارکات. هەر بەهۆی، ئەو باڵندە جوان و ڕەنگینانەی سەوسەنەوە، دەنگ و بۆنە جیاوازەکانی ئەم گەردوونە پان و بەرینەی بەتاقیکردەوە وبەهەر ئەزموونێکی، ئەو گشتە گەشتە عەجایبانەوە، گەڕیدە و شارەزا و سەرسام بوو.

تینوو، بەدرێژایی سەفەر لەگەڵ فیکرەت گوڵدانچیدا، ژیا و ماڵەوماڵی کردو، کتێبی کڕین و خزاندیە نێو کتێبخانەی ماڵەکەیەوە. ماڵەکەی کردە باخچە کتێبێکی بێوێنە و کەچی لەکۆتاییدا ئاوا لەگەڵ دڵی خۆی دەدوا: "هەیهووو! زۆر سەیرە کە زۆربەی پێشهاتەکان بۆخۆیان دێن، بێ ئەوەی بانگێشت کرابن. زۆربەی پێشهاتەکان دێن ولە دەسەڵاتی ئێمەش بەدەرە کە ڕێگری هاتنیان بین. زۆربەی ڕووداوەکان، لەو توخم و چەشنەن، کە بە دڵی ئێمە نین ودەبنە لەمپەر بۆ بەردەوامی سەفەرەکەمان." دواجار تینووش لەگەڵ فیکرەت، وەرسووڕایەوە ولەهەرچی پەرتووک و کتێب و نووسراوەیەک بێزاربوو و دەیگوت: "ئەوساری ڕووداوەکان بەدەست ئێمەوە نیین، بۆیە زۆربەیان بێزارکەرن و، دواجار دەبنە قەیرانێکی بێ چارەسەر."

تینوو، دواجارهەرچەن، بۆ مەرگی تاک بە تاکی کتێبەکان، چەڵێکی باش شینیی گێڕا، بەرەبەرە و بەناچاری، لەگەڵ فیکرەت هاوڕا بوو وبەنرخترین کتێبەکانی ئەو گەنجینەی، بەخشین بەو کەسە بێناو و بێ ئاوەزە تازەپێگەیشتووانەی، کە بەشوێن تازەناوبانگێکەوە بوون و بۆ خۆنواندن و ناوزڕانی خۆیان، بەتەمابوون کۆشک و قەسرەکانیان بە باشترین کتێبخانە، لە چاکترین و بەناوبانگترین کتێبەکانی دونیا وەڕازێنن. تینوو بەخۆی

دەگوت: "مەجبوورم، مەجبوورا مەگەر چارێکیدیم هەیە؟! مەگەر من دەتوانم یارمەتی فیکرەت و سەوسەن و هاوڕێیانم بەم، کە لە برسا نەمرن و شەرەف و وجوودیان بپارێزم؟!مەجبوورم لەگەڕ فیکرەت هاوڕابم بۆ فرۆشتنی کتێبەکان، چون قەیرانەو برسییایەتی و گیرفانەکان فلسییان تیا نەماوەو، سکی برسیش خۆ سەبر ناناسێت."

تینوو، بەم شێوە، وردەوردە و بەناچار، لەگەڵ فیکرەتدا پیربوو. دواجار، لەسەردەمی پیریدا، هەر بەهۆی فیکرەتەوە، فێری زمانی باڵندەکان بوو وفێر بوو کە چۆن لەگەڵ ئەو باڵندە بەستەزمانانە، بکەوێتە قسە و دەردەدڵ.

لەگەڵ دەسپێکردنی پەتای شەڕی ناوخۆ، هاوتەریبی، قەتیسمانی بەرەبەرەی دەنگی باڵندە شادە دەنگخۆشەکان، تینووش هەردەهاتوو غەمگینتر دەبوو ودەنگی دەنووسا و، وردەوردە لەخوێندن دەکەوت. وای لێهات هێواش هێواش، بێدەنگتر ولەگەڵ مردنی هەر باڵندەیەکدا، ئەویش کزو کزتر دەبوو. هەتا بەجارێک، بێدەنگی بێدەنگ بوو وسەرەنجام لەگەڵ مردنی دوایین باڵندەدا، ئەویش نووزەی بڕا و مرد.

هەروەک گوتم، تینوو لەم سەفەرە دڵهەژێنەدا بە دەیانجار مرد و زیندوو بۆوە. هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی «کەمال یەلدا»وە، لەگەڵ وی، خۆی سەرقاڵی مۆمیایی کردنی باڵندە مردوەکان کرد، هەتا ئەو کاتەی، ئەوکۆشکە کە سەردەمانێک ناوی بە «بەهەشتی باڵندە دەنگخۆشەکان» زڕابوو، ناوی گۆڕا بە «کۆشکی باڵندە غەمگینەکان» و بەوەش نەوستایەوە وبەرەبەرە ناوی، «مووزەخانەی باڵندە مۆمیاییە بێدەنگەکان»ی، پێبەخشرا.

تینووی چیرۆکەکەمان، لە گەڵ «ساقی مەحموود»دا، دەیان و سەدان هۆنراوەی سازکرد وئاوازی چڕی و بەزمی گێڕا و لەگەڵ ئەویشدا دەنگی وەستا و توانا و، حەز و هەستی گۆرانی گوتنیی قەتیس ما. لەگەڵ «مەنگوڕ» و«سامانی کەسرا»دا، دوای ساڵانێکی زۆر ئەزموونی شارڕلاتانی وچەقۆکێشی لە قاوەخانەو، کووچەو کۆڵانەکاندا، لەپڕ پلەی بەرزی پێبەخشرا و ناوی زڕا و ناوبانگی بەرزی دەرکرد و بووە بەرپرسی باڵا و کەسایەتیی، خزایە ناو جەرگەی ئەو ژیانەی، کە بەخەونیش نەیدیبوو ولەگەڵیدا گەلێ نامۆ بوو. لەگەل «ئاریان»دا، بووە نیگارکێشی خولیاکانی سەوسەنی ناسک و نەخۆش وخێرنەدیو و، کەمەکەمە، گیرۆدەی ئەوینێکی شاراوە و نەدرکاو بوو وهەموو دەرگا و دار و دیواری ماڵەکەی ئەوی،بە نیگاری ئاوێتەیەک لە عەشقیی نەدرکاو و خولیایەکیی سەوسەنی داپۆشی.

تینوو، دواجار لەپیریشدا، گەڕایەوەو، لەگەڵ فیکرەت و مەنگوڕ و ساقیدا، یەککەوتەوە وبۆوە هاوحاڵ و هاوماڵی ئەوان و،بە دەیان جار دوای خواردنی عەسرانەچایەکی حەوشەیی، لەماڵێ وەدەرکەوت و کووچەو شەقامەکانی شاری تەیکرد و دۆست و هاوڕێ و ناسیاوە دێرینەکانی کە پێی سەیربوو چۆن ماون، بەسەرکردەوە. دەیگوت: "بەس نییە ئەمانەش ماون! ئەگینا تەنهایی دەیکوشتم."

*****

دەستی ڕۆژگار، ئەمجاریش تینووی گێڕایەوە بۆ لای گوڵە کاغەزییەکەولەگەڵ سەوسەندا یەککەوتەوە. ئەو سەوسەنەی کە عاشقانە ژیا و بەوەدا کە ڕەنگ و ڕووی پێوە نەمابوو و هەر دەهاتوو زۆر و زۆرتر، کاڵ و کاڵتر دەبۆوە؛ دیار بوو، بۆخۆشی هێندەی نەمابوو وەک باڵندەکانی، کە یەکە بە یەکە مردن و لە قەفەس ڕزگاریان بوو، ڕۆحی خۆشی لە قەفەزەی جەستەی ئازاد کات. تینوو بەوەی زانیبوو،کە سەوسەن هەستی بەوەی کردووە، لەوانەیە بەم زووانە ڕۆحی خۆشی بڕوات بەرەو ئەو جیهانەی، کە ڕۆحی باڵندەکانی بۆ چووە. لەوەش گەیشتبوو کە سەوسەن بەنییازە لەپێش مردنیی، هوزاربەرەو سەفەرێکی ڕەمزاوی و مەترسیدار بەڕێ بکات. سەوسەن بۆخۆی، ئەو باسەی لەلا تینوو،بەم شێوە درکاندبوو: « بەو حەقیقەتە گەیشتووم، کە من بەم وەزعەوەو، بەم جەستە لاوازەمەوە، ناتوانم هاوسەفەری هوزار بم و بەتەنێش ناوێرم ئەمانەتەکەی پرووشەی خوشکم ڕەها کەم و بینێرمە ئەو سەفەرە نائەمینە. کەواتە، بۆ ئەوەی بتوانم هاوسەفر و ئاگاداری بم وچاوەدێری بکەم ولە مەترسییەکانی ئەو سەفەرەی بیپارێزم، دەبێ بارم سووک کەم و شوێنی کەوم...» تینووش بێکار دانەنیشت و هەر بەو عەشقە پەنهان وشاراوەی کە قەت نەیدرکاند، خولیای گەشت و سەفەری، خستە ڕۆح و زەینی«هوزار»ی پرووشەوە. ئەو دەیزانیی کە سەوسەن، چۆن هوزاری خوشکەزای پەروەردە کردووە و لە ئامانج و مەبەستی سەوسەن باش تێگەیشتبوو. ڕۆژێک تینوو لەزمان سەوسەنەوە بە هوزاریگوت:

کورم، ڕۆڵەم؛ زۆرم هەوڵدا کە بۆخۆم، کارێک بکەم بۆ ئەم گەلە لێقەوماوە. بەڵام نەخۆش بووم؛ باڵم نەبوو بفڕم؛ هێزم نەبوو هەنگاو هەڵێنم.هەربۆیەش سێ دڵدادەکەی خۆم ڕاسپارد، کە برۆن ووەشوێن ئاوات و خولیاکانی من کەون. ناردمن بۆ گەشتێکی هەشساڵە، تاکوو هەوڵ بدەن بۆ وەدەستهێنانی باشترین و نایابترین هەتوان، بۆ چارەسەری دەردە بێدەرمانەکانی، ئەم گەلە بێبەشە لێقەوماوە. بڕۆن و لە شەڕی خۆکوژی دوورکەونەوە و دەرمانێک پەیداکەن، بۆ فەوتانی ئەم پەتا نەفرەتیە. ڕۆڵەگیان، هەر سێ دڵدادەکەی من ڕۆیشتن وبەڵێنەکانیشیان زۆر بەچاکی بردەسەر و لە سەفەرەکەشیاندا سەرکەوتوو بوون. ئەو سێ ڕێبوارە لە ڕێگەی عەشقێکی ئاسمانیدا، بەتووش گەڵێک ڕەنج و ماندووبوون و کوێرەوەریەوە بوون. ئەوان بە بێ ئەوەی گرێبەستی دڵداری بپسێنن، وادەی خۆیان بەجێهێنا. کاروانی جریوە و دەنگ و ئاوازی زوڵاڵ و دڵگیری هەزاران باڵندەی جوان و ڕەنگین و جۆراجۆر و هەمەچەشنی گشت شوێنە جیاوازەکانی جیهانیان گەیاندەجێ و پێشکەش بەم خەڵکە لێقەوماوەیان کرد. گشت بۆن و دەنگ و ڕەنگی ئەم جیهانەیان کۆکردەوە و گەیاندیانە ئەم وڵاتە، کە خەڵکی پێ دڵخۆشکەن و جامی خەوی بیرنزمە پلەباڵاکانی پێ وەزرینگێنن؛ کەچی نەک نەیانتوانی، بەڵکوو بە هاتنەوەیان، ئەوانیش نەخوازیاو، کەوتنە بەر داو و شاڵاوی ئەم پەتا دێرینە نەفرەتیە. ئەوانیش وەک باڵندەکان و زۆرێک لە خەڵکی شارەکەم ماڵوێران بوون و تیاچوون و فەوتان. بڕۆ ڕۆڵەم هوزار! بڕۆ و بەردەوام بە لە گەلە گەشت و سەفەرە ناکامەکانی پێشوونان. بەردەوامبەو گوزەرکە بەنێو هەموو شوێنە سەیر و سەمەرەکانی جیهاندا. بڕۆ ڕۆڵەم، با وەک ئێمەت بەسرنەیات. ئێمەیەک، کە بەغدادمان لەترسی بەڵا و فەتەراتی شەڕەنگێزی زلهێزەکان جێهێشت و پەنامان هێنایەوە بەر زێدی خۆمان. هاتین کە لێرە ئۆقرە بگرین و دووروەکەوین لە بۆنی ترشەڵۆکی تێکەڵەی خۆڵ و خوێن و barووت. کەچی ئاها لێرەش هەموو هەر بیر لەشەر دەکەنەوە. چاوت لێیە لێرەش، ئەو قەمچی و گۆپاڵەی کە دەبێ بەر سەری نەیاران کەوێت، کەوتۆتە دەست تازەپێگێشتوانی لەخۆگۆڕاوی نەشارەزاوە. لێرەش نەک لە خوێن ناترسن، بگرە، لە خوشک کوشتن و براکوشتن و هاوسێ کوشتنیش ناسڵەمنەوە. لێرەش ئەوەی کە چەکی پێیە بەهێزە و ئەوەی بیر وهیزری ئاشتییە، وەرناگیرێ. ئاها ڕۆڵە، چاولێکە! خۆ ئەوەی کە دەوردەبینێ قینە. کینەیەکی لەمێژینە، کە درێژەدەمانێکە بۆتە گڕکانێکی سووتێنەر و نازانم بۆ قەت لە کوژانەوە نایات. بوغزێکی کۆن و نەبڕاوە، کە بۆتە مەڵەغانێکی سەرشێت و لەخۆگۆڕاو، – شەلم، کوێرم، ناپارێزم –، هەڵدەسووڕێ و هەر کە هاتوو کول بوو، پەستا پەستا بە کوورە و هەسانی نەزانیی دەمەزەرد و تیژ و بڕڕاتر دەبێتەوە. لێرە کولانچکەیەکی ئومێد و هیوامان پێڕانابینن. بڕۆ کورم؛ بڕۆ نەبەشکم تۆش بەرکەوی؛ ئاخر ئەم خەنجەرە مەلعوونە لەو تیخانەیە کە دەسکەی خۆیان دەبڕن. بڕۆ بڕۆ؛ بڕۆ ڕۆڵەم نەبەشکم، بڵێسە ئیبلیسیەکانی ئەم ئاگرە توخس و نەحسە، تۆش بسووتێنێ. بڕۆ و تۆش، وەک ڕێبوارەکانی پێشووتر، گشت کەلێن و قوژبنەکانی ئەم جیهانە کەونارایە تێکوەردە و بپشکنە. هەموو زەویەکانی دونیا وەکێڵەو بکەوەرە دۆزینی هەموو جل و بەرگەکانی ئەم جیهانە. ڕۆڵەم بڕۆ، ئەوان ئەوەی لەدەستیان دەهات کردیان و نەیانتوانی، بەڵکوو تۆ بتوانی هەتوانێک، بۆ تیماری ئەم پەتا بێدەرمانە وەدۆزیت و بۆمان بهێنیت.بڕۆ ڕۆڵەم بڕۆ؛ بفڕە و بڕۆ و، تەنها ئەو کاتە بیر لە گەڕانەوە بکەرەوە، کە هەست دەکەی شتێکت پێیە. کاتێک کە دەسهاتەکەت دڵخۆشکەربێت و سەرۆبەخشی هوزارەکانی داهاتوو. بڕۆ و بگەڕێرەوەو، چارەسەرێکمان بگەیێنەرێ، هەتا بەدەستی خۆمان، خۆمان نەفەوتاندووە. هەڵێ ڕۆڵەم؛ کێ چووزانێ تۆش وەک نزاری برامت بەسەر نایات. نەبەشکم تۆش وەک ئەو،فریا نەکەویت، چێژ و لەزەت و خۆشیەکانی ڕۆژانی یەکەمی هاوسەرگیریت، بچێژیت. بڕۆ هوزار، مەوەستە. بڕۆ و بیریشی لێمەکەرەوە ڕۆڵەم، بڕۆ...بڕۆ...بڕۆ..."

تینوو لەگەڵ سەوسەن، هوزاری بەرەو سەفەرێکی نادیار بەڕێکرد. بە ڕۆیشتنی هوزار، ئەویش لەگەڵ سەوسەندا لەجەستەی جیابۆوە. ڕۆحی تینوو و سەوسەن، بەجووت، وەک توێشووی سەفەر، پێشکەش بە هوزار کرا و بوونە هاوسەفەری. ئەوان لەگەڵ هوزار،ڕێکەوتن بەرەو سەفەرێک، بە ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا و دواڕۆژێکی پەنهان و نادیار. تینوو، گەلێ لەوە خۆشحاڵ بوو، کە لێرە دەمرێت؛ چونکا، ئەویش وەک «کامەرانی سەلما» پێیخۆش نەبوو:«ڕۆحی لە جێگایەک و لەشی لە جێگایەکیدی بمرێت»

تێبینی: ئەو وشەو ڕستانەی لە نێو«...» هاتوون، بە پێی پێویست لە ڕومانەکە هەڵمگرتوون.



## چرۆ

رەبەت. غەفوور قادری (برِوا)

بنوو گیانم
هەناسەکەم
نوستنیشت لێ جوانە
باوانەکەم
نوستنی تۆ
واتە ئارامیی لەشی من
نوستنی تۆ
یانی گەرمیی باوەشی من
ئازیزەکەم
تێر بەچاوت کە وەک گوڵە
نوقمی خەو بە
تێر بە بەژنت کە وەک چنار
لە باوەشی من دا شلە
نوقمی خەو بە
شاجوانەکەم
سەرت دانێ لە سەر سینەم
زولفت راخە
لەو باوەشە پرخەمینەم
با لەگەڵ تۆ
لەگەڵ بۆنی وەک گوڵاوی
بەژنی چڵە ریحانی تۆ
نوقمی خەو بم
گوڵی جوانم
لە شیرینی خەوی خۆت دا
کە ئامێزت تەواو ئامێزمی تەنیوە
تۆزێک بهێڵە بۆنت کەم
تۆزێک بهێڵە چاوانم
غەرقی جووت چاوانی تۆ کەم
پە ریزادەی خەیاڵی من
کە رنووی رۆژ لە ئاسمان
باوەشی دا لە باوەشمان
ئەوجار لە پێ دەشتی سینەم
چرۆ بدە ئەی گوڵی جوان



## درۆ

بۆکان. حوسێن ئەندان " کوردە "

هەر بەتاسەی ئاسمانە و نافڕێ باڵی درۆ
گەر قەلای خشتی تەلابن پووشە پووش ماڵی درۆ

لاپەڕەی رۆژمێری مێژوو پڕ لە راستی و خوارییە
نوقمی تاریکین سەعات و رۆژ و مانگ ساڵی درۆ

شەهد و شیلەی گوڵ دەنۆشێ بولبولی خۆشخوانی کەژ
گەندە خۆرە و گەندەڵین خوو و کردەوی داڵی درۆ

خێڵی راستی تێک شکاوە و بێ چەک و چۆڵ مایەوە
دای گەمارۆی مێشک و بیرمان لەشکری زاڵی درۆ

سواری لێزانی سەداقەت نایبرِێ رێگای هەڵە
کەوتنە و نسکۆیە ئاکام سەرسمی ناڵی درۆ

تا یەکی واقێع نەنووسی بایەخی نین سیفر و خاڵ
دابنێی دەفتەر بە دەفتەر سەد هەزار خاڵی درۆ


کوردە سێحری هەڵوەشان پێنووسەکەت لە منی کەوێ
ئێستە بۆچی نایرفێنن کۆرپەمان ئاڵی درۆ

# بۆکان. برایانی قورەیشی( سەید یاسین و سەید محەممەد ئەمین)

































بۆکان. ئاسۆ

پەنجێرەکان پاکی غوباری مەینەتی دایگرتوو ون
چاوکاڵەکان پاکیان لەپشت پەردەی حیجابا پیربووون

ئەسپان لەمەیدانا جدەو پاکیان پەراسووی دەرکەوت
دەک ڕەببی کوێر بم نازەنین، ئەی سوارەکان بۆ کوێ چووون؟

دەسکێش ودەمبێن بەندەکان پاکی لەترسی مردنێ
سەریان دەجوولێ، هەرفەقەت ئەمما لەدڵدا مردوو ون

ئەی چۆنی هەڵدەگری خودا؟بۆئاهی کەس ناگاتەلات؟
مزگەوت وتەکیەت چۆڵ وهۆڵ، شێخ ومەلا نوێژیان چوو ون

یادی بەخێر وەرزی ئەوین کابان وکانی وچۆم وئاو
کوا شەربەیێ ئاوی شەویی؟ میللەت بەڕاستی تینوو ون

پاییزە وەرزی حاسڵات ،خەرمان وشایی وشەچەلە
ئەممالەدونیادا خەڵک گشت چاوەڕێی داهاتوو ون

چل ساڵەدەکولێ مەنجەڵم، چبکەم لەداهاتوو ئەدی؟
لاو هێندە بێ ڕەگ گەورە بوون، خەنجەر لەزاڵم نا سوو ون

ئاسۆی ئەوینم لێڵ بووەو ئەمما بەهار هەردێتەوە
دەیسان دەبینم چارەکەی کیژان لەڕێواس پڕ بوو ون

## مەرتبەی ئەفلاکی

پێوەم کە ئەدی، هاوڵی غەمناکیی نەکەم من
تاکاوە هەبێ هاودەمیی زەححاکی نەکەم من

پێوەم کەئەدی گوڵوشەکانی غەزەلی خۆم
پاماڵی جەفای گوێگری ناپاکی نە کەم من

ئاخر کەسەکەم لێوی ئەتۆ کانی بەهەشتە
جاچۆن دەبێ تامردنێ، مێلاکی نەکەم من

هێند قەرزی ئەوینم لەسەرە کاتی جەوانی
بەم پیریی و ڕیسوائییە، بۆ پاکی نەکەم من؟

خاکی وەتەنیش چەشنی حەوا، دایەنە بۆمان
چۆن خۆم بەفیدای میللەتی واو خاکی نەکەم من؟

یارانی زەویم یەک یەکە جێم دێڵن، ئەدی چۆن
هەرمەدح و سەنای مەرتەبەی ئەفلاکی نەکەم من

هەر دۆستێ نە خۆشینی پلەو پارە لەخۆی گرت
پەیمان بێ کەعیساش بم، ئەدی چاکی نەکەم من

ئەو کەڵپە بەخۆراکی حەرام فێر بوە شەرتە
بەرگازی حەلاڵی دەم و میسواکی نەکەم من

ئاسۆی خەمی کوردم لەوەدەرچوو کەبترسم
بۆ ساندنی حەق، چۆن دەبێ بێباکی نەکەم من



بانە. ئاودێر

## هەڵبژاردن

فەرق ناکا
بۆ منی کورد
سەگی ڕەش بوەڕێ یان سوور
ئەم پاشایێ
یان ئەویتر ڕەیس جمهوور
بەڵام
لە ڕادانی سەرۆکی خۆم
زۆر ئەترسم
لە گەڵ پیرە گورگی برسی
کەلاک بخۆن
کاوێژ بکەن لە ژێر تەخت و
لە سەر کورسی


## سیخوڕ

سەرم لە میچی خەیاڵدا
کە هێلانەی
پەڕ پووتێکی لەوێ چێیە
لە ئەملاتر ڕشمارێکی برینداری
لە کەمینە و لە سەرپێیە
جووجکی پەڕپووت
لە ترسانا ملیان داوە بە
سێدارە
تف لەو دەستەی
عینوانیدا بەو ڕەشمارە

## درۆ

ئەزانی بۆ
جارنا جارێک
بە سەر خۆما ئەڕشێمەوە
ئەوە هەموو
درۆی تۆیە
هێڵنج ئەدا و ئەیهێنمەوە

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## سۆزێک بۆ کرماشان

بۆ: سێیەمین ساڵی بوومەلەرزە

مەهاباد. سووتاو

کرماشان، شاری دێرینم
بمرم کەساسیت نەبینم

بمرم نەوینم بێوازی
دوور لە گیانت بێ، ناسازی

من لە شاری مەهابادم
پڕ ناخی دڵم ناشادم

بوولەرزە تۆ دەرەنجێنێ
ماڵ ویرانی ڕای تۆ دێنێ

کرماشان قیبلەی کوردستان
تۆ دەمێنی تاکوو هەرمان

دڵم پڕ ژانەو سووتاوم
کرماشان گلارەی چاوم

سەقز. فەریدەکاکی

دڵم لێوڕێژی دڵتەنگی،
بیانووگێری خۆش بەختی،
بەچاوی پڕلە فرمێسکی،
تەقالا و حەولی سەربەستی،
بەبێ باڵ و بەبێ شوێن،
بەجانتای پڕ لەئاواتی
دڵی خوێن،
لەگەڵ زریان
لەسەربالی شەماڵ
بەرە و ڕێبازی ژیان
فڕین و هەڵفڕین
تا کانگای ئامانجی ئازادی



مەریوان. سۆهراب مورادنیا

هەناران ئاسا مەزەت مەلەسەن
ئەر نازیچ کەری حەقت بە دەسەن
کەسێ چوون هەنار تامدار بۆ تامش
هـــەقەن "سیاوکام" بۆ بە غوڵامش

❋❋

ئاخ وەشڵەی شەوێ بامایشی یانەم
بیایایشی هامدەم دڵەی دێوانەم
من بیشینی و تۆ بە دڵێ بێ خەم
تۆ "زینی" سانی منیچ وێنەی"مەم"
بێ سەحەر بیایا شەوگاروو ئەشقی
بە وەشی دیدەو خوماروو ئەشقی

❋❋

سینەت قەڵغانا پەرێ نانێوی
چۆڵەڕات بڕیەن بە نیم گیانێوی
ئاخر کۆڵبەرنی و ئینە دنیاو تۆن
تاڵ بۆ یان شیرین ئینە ژیواو تۆن
تۆ ڕاوییەرو ڕاو دەرد و مەینەتنی
ژیوات سەخڵەتیا، مانیاو شەکەتنی
سەرەت زامادار و هوون ئالووی نانەن
ڕۆزگار خەجاڵەت ، ئینە کەی نانەن!!
چێش کەروو لالۆ ئاخ بەشبڕیای وێم
چێرچەپۆکە وێم ، زەنگۆڵ مەڕیای وێم



پیرانشار. هاوار ڕۆژهەڵاتی

لەو شەقامەی دڵ پڕ لە غەم
پیاسە دەکەم سەرتا قـەدەم
من و مانگ و خۆر و گـریان
کاکێشان و ئەستێرەی جوان
شەوە زەنگ و بوومـــە لێڵە
تەیتوومان و هەور و هێڵـە
دڵەکان گش بێ ڕووناکین
هەموو ئاشقی جلی خاکین
ژیان هیچ مـــانای نەمــاوە
ئینسانیەت پـــاک شێواوە
کەس نابینم ڕوو پێـــکەنین
لێو بە بزە و وشە شیـــرین
ماتەم گشت وڵاتی داگـــرت
هەرچی هەبوو وێرانیان کرد
گرانی وقاتی قووڕ بە سەری
دڵی تەنگ و کوێـــرەوەری
لە شەقام و چیـــاو کێوان
خەندە نایەتە سەر لـــێـــوان
خزمایەتی و دۆستایـــەتـــی
خوشک و مام و برایــــــەتی
پاکی ون بوو. پاکی تـــەواو
هەمووی خلاس وەک بڵقی ئاو
کەس باب و دایکی ناناســێ
فڕێیان دەدەن دوو دوو و سێ سێ
ئیحترام و ڕێــزی گــــــەوران
کۆتایی هـــات دەوران دەوران
دڵم مەکۆی دەردوو ژانــــــە..!
ژیان پاک بۆتـــــە وێـــرانە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# کوردستان لانکەی شارستانییەت

سنە. پژمان حەبیبی

پرۆفیسۆر دوکتور نەبەز دەڵێت: ئێمە وەک نەتەوەی کورد بەشدارین لە سەرەتای شارستانێتیدا و پشکمان تێدا هەیە و لە پوختەی کتێبەکەیدا " فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا" دەیەوێت بڵێ: ئەوە نییە یەکەمین ئایین لە کوردستاندا سەریهەڵداوە و میترائیزم بووە بە پێشەنگ و خوای ڕووناکی زەوی لە پیسی پاککردەوە و یاسا و ڕێسای بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، پاشان ئایینی زێرڤانیزم لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، بەو پێیەی زەمان بێسنوورە و نەسەرەتای هەیە و نە کۆتایی لە ساڵانی ٦٦٠ پێشزایین یا خود لە سەدەی حەوتەمی پ.ز زەردەشتی مەزن و فەیلەسوفی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دەورووبەری دەریاچەی ورمێ لە دایک بووە، ناوچەکەش بووەتە ناوەندی بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی و لەوێوە تیشکی زێڕینی بۆ ناوچەکانی تر هاوێشتووە، ڕێزبەندکردنی ئایینەکانیش هەر لە میترائیزم، زرڤانیزم،مەزدایزم و مانیزم، شەمانیزم، بابەکیزم بە بەشێک لە لانکەی شارستانیەتی جیهانی بەناوبانگە و کورد خاوەندارێتی لێکردووە، هەر چەندە بودائیزم مێژووەکەی بۆ سەدساڵ دوای ئایینی زەردەشت دەگەڕێتەوە بەڵام لە بنەچینەدا ئەم ئایینە لە ئایینی زەردەشتی مەزنەوە سەرچاوەی گرتووە و هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراوە کە لە گەڵ بیروڕای زەردەشتی مەزندا یەکناگرنەوە، دوکتەر نەبەز دوای ئاماژە بە جوگرافیای کوردستان ئاورێک لە ئایینی یارسان دەداتەوە؛ مێژووی ئایینی یارسان گەڕاوەتەوە بۆ سەدەی دووی کۆچی بە واتای (١٢٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن فەیلسوفی کورد، باڵوولی زاناوە بە نهێنی دامەزراوە کە هەندێک جاریش بە باڵولی ماهی ناوی هاتووە، باڵولی کورد لە ساڵی ٢١٩ کۆچیدوایی کردووە و زادەی بیری خۆی بە کوردی لە کتێبێکدا بۆ شوێنکەوتوانی بە ناوی " دەورەی باڵوول" بە جێهێشتووە، دوای ئەویش یەکێک لە یارانی بە ناوی " باوە سەرهەنگی دەوانی" هاتووە و درێژی بە هەمان ڕێباز داوە و ساڵی ٣٢٤ کۆچی، لە چیای شاهۆ کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەوانیش باوە خۆشێن یان(شا خۆشێن) و "باوە ناووسی جاف" و " سان سەهاکی بەرزنجی" وەک دیاردەی یەزدانی دەرکەوتوون، سەرچاوەی ئایینی یارسان لە پەرتووکێکدا بە ناوی " سەرئەنجام" یان"کەلامی خەزانە" کۆکراوەتەوە.

**سەرچاوە:**

فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا؛ دوکتور جەماڵ نەبەز




# "پێشکەشی ئاڵای باڵات بێ....."

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان

سۆزی نەسرەوتووی ئەوین دێ وا لە فێرگەی ژوانەوە
ئەو شنەی سروەی بەیانە، دێ بە داو و دانەوە
لووتکەبەژنی یار دەئاژوێ وا بەرەو ئاسمانەوە
هەوری ڕووی لەو دوندە هاندەرمە بەرەو ئافرانەوە
شوێن و شەقڵی ڕەوت و گفتی هەر لە بیرگەم مانەوە
ڤیان لە سارای قاقڕی ژینە، هەوێنی مانەوە
بەژنی لاولاوت بهاڵێنە لە دوانگەی ژانەوە
ژیان و مان بەندە بە لەنجە و لارەکەی باوانەوە
تۆ بەهێما بوویە بۆنەی هۆنەوو پەخشانەوە
کەوشەنت بۆیە بەزاند تا ئاشکرا بێ توانەوە
هاتی و گیرۆدە بووی هاکا بە تای جامانەوە
کاوشکاویی کانیلێک بووی، خۆت بە دوو جامانەوە
تۆ کە گڕگرتوو و گڕاوی بەو گڕی گڕکانەوە
ئاگری ئۆگریی و تاسەت سارد کەوە بەو هانەوە
گەر مکوڕ بی، گەرم و گوڕ بی، بۆ لەیەکداتوانەوە،
بێ! بەلەز بێ و، بێ بەتاو بێ، بۆو هەلە و بۆو قانەوە
دێم بەرەو ڕووگە و هەواری شێعرەکەی هەرمانەوە
شێعری پاراوی گڕت ویست، مەشخەڵی بووژانەوە
پێشکەشی ئاڵایی باڵات بێ، بەرەو پاوانەوە
ئەلفم و بێتم دەوێ! فێرم بە ئەم وانانەوە!
کەزیەکەت ئاڵۆزە خۆزگەم بەو ددانەی شانەوە
کاوی دڵ ناشکێ مەگەر بەم لووتکە بەژن و شانەوە
بێ! بەسۆز و هەست و نەست بۆ خۆزگەشاری سانەوە
بێرەوە پێتەختی کۆمار، شاری بۆ گەل توانەوە !

❖ تێبینی:

"خۆزگە–شار"،ڕۆنانی شاعیرە وەک هەمبەری واتایی، بۆ: "/Utopiaآرمانشهر/مدینەی فاضلە"



بۆکان.ئیسماعیل تەبباک ( شمشاڵ)

دڵم نۆقمی نگاو و چاو و ئەوینی تازە لاوێکە
بە هەر شێوێ کە دەی دۆێنم نگای هەر تاقە تاوێکە
دەدەم جارجارە هەوڵێ تا دڵم رزگار بێ لەم سجنە
پتر ئاگا دەبم ئەوسا کە بسکی ئەو چ داوێکە
سر و ماڵ و دڵ و دینم بدەم گەر هەر ماچێکی
نەسیبی ئەو دڵەی زارم بە دەگمەن تاقە چاوێکە
دەپرسم حاڵ و ئەحواڵی، دەکەم وەسفی جەماڵی ئەو
وڵامی هەر سپاسێکەو تەنانەت هەر سڵاوێکە
کە سەروی نەو نەمامی قامەتیم من هەر لە دوور ڕا دی
وتم هۆی راوچیە پیرە تەماشاکە چ راوێکە
برۆ شمشاڵ بناڵێنە بەدەم ئەم دەردەوە تا رۆژ
کە بەهرەی تۆ ئەلەم راوە یەقن بێ خەونە خاوێکە



بانە.عەبدولباست کەریمی(ژیرۆ)

## ئەوین

خۆشەویستیت
ئاسمانێکە
زەوی دڵمی داپۆشیوە
با دابکا ئەویندارێت
دڵی بێ تۆم
بە زەردی خەزان نەخشیوە

## شێر

ڕێویەکانی دەم قەڵاتێ
وا لەملاوە وەسفم دەکەن
لەو لاشەوە
پڕۆسەی کوشتنم دەگێڕن
نازانن شێر ناخەڵەتێ
بەوانەی وا فێڵباز فێرن

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەهاباد. سارکۆ

لە شێعرێک تا دەنووسم ناوی خۆشت
بە سەرسووڕمان لە من دەڕوانی خۆشت
هەتا ئێستاش نەبوو لێت حاڵی، حاڵم
لە کاتی دیتنم هیچ دەبڕێ هۆشت؟
هەناسەش هەڵبکێشی گوێگری تۆم
مەهابادی وتن: نابزوێ جۆشت*!
بە ئاواتم کە چاوم کەوتە چاوت
ژمێرم مووی مژۆڵی چاو برۆشت
لە دیوانی نەنووسراوەی خەیاڵم
گوڵی شێعری غەزەل داوێمە کۆشت
بە دڵ پێم خۆشە سانسۆڕی نەکەم شێعر
دەمم میوانی دەم بێ هەم مەمۆشت
ئەوینت بۆتە مایەی مانەوەی من
کە پێموایە هەمووی ڕاستن درۆشت
لە ڕابردووی ژیانم نیم پەشیمان
بە خۆشی من نەبوو گەرچی، بەنۆشت
*جۆشت =گوێشت

## بڕیاری سێدارە




هەوراز- جوانڕۆ

دەستەوئەژنۆ
کەسی تاوانبار
وەکوو پەیکەرەی بێ گیان و
ڕۆحێکی ئامادەی فڕین،
لە قەفەسی جەستە،
لە ژووری زیندان،
نە برسی بوو و نە تینوو،
خەویشی نەدەهات،
بێ ئۆقرە و لە خەیاڵ
دایگرتبوو خەونێکی شیرز
لەگەڵ پەژارە...

لە هۆدەیە ئەولاترەوە
کەسێک بە تاوان،
دژی بێدادی،
یا کە شوێنڕەوی
مەشخەڵ خەبات و
هۆگری ڕێگا و ڕەوتی ئازادی،
لە سووچی ژووری زیندانەکەی خۆی
بە گۆرانی و دەنگ شایی دەگێڕا،
بێ ترس لە مەرگ و
نەترس لە ئازار،
کەنینی دەهات بە سەرشۆڕەکان،
لەم ڕۆژگارە...

بۆ ئەم دوو کەسە جەنابی دادوەر،
بە پێی یاسا بڕیاری دابوو،
هەر بەمزووانە بدرێن
لە پەتی شۆڕی
سێدارە...



# مار

بانه. ک.د.ئازاد

له خەو ڕاچڵەکی! هەستی کرد قورسایەک لە سەر سنگیەتی. بە عاستەم چاوی کردەوە. دی شتێک خۆی مەڵاس داوە! لە تاریک و ڕوونی دیوەکەی دا سەرێکی بچووکی چاو کرد! دوو چاوی چکۆلەی ڕوون و گەشزەق زەق دەی ڕوانیەچاوەکانی!

ترسا! هەست و خوستی لە خۆی بڕی. هەناسەی لە سنگی دا حەشار دا.

« دەبێ چ بێ؟ » لە دلی خۆی دا پرسی!

تا چاوی بە تاریکایی پتر ڕادەهات، ئەو سەرە بچکۆڵەی باشتر دەدی. سەری جانەوەرێک. جانەوەرەکە ملی قیت کردبۆوە و بە چاوە سامناک و گەشەکانی تێی دەڕوانی.

بە عاستەم هەناسەی دەکێشا ،نەکا جانەوەرەکە شاڵاوی بۆ بەرێ!

بە دەستی ڕاستی ،بە دەستە کوتە ،بەرەو لای سک و سنگی ڕۆی! شتێکی زبری هاتە بەردەست. وەک کلکی جانەوەرەکە دەچوو. وردە وردە دەستی بەرەو پێش تر برد. دەی هەویست ئەو جانەوەرە بگرێ و بە توندی فڕێی دا!

تۆزێکی تر دەستی بزاوت. نەرمایی بەدەنی جانەوەرەکەی زیاتر هەست کرد.وەک ماسی پوولەکەی نەرمی هەبوو.

ـ« مار »!

لە دڵی خۆی دا گوتی! دەمی وشک بوو. چاوەکانی لە ترسان دەرتۆقیبوون.

دەستی کشاندەوە.

مارەکە هەروا چاوی لە چاوەکانی بڕیبوو. بێ ترووکاندن. ئەویش نەیدەوێرا چاوەکانی بترووکێنێ.

هەستی کرد چاوەکانی مار تووڕە نین! جێگای مەترسی نین!

شەکەت ببوو، هێندە لەسەر پشت خەوتبوو؛ بێ جووڵە، بێ چاو تروووکاندن!

وردە وردە پێڵووی چاوەکانی قورس و قورس تر بوون!

❋❋

بەیانی وەئاگا هات. نەیدەوێرا ببزوێ. چاوی هەڵێنا، هیچی نەدی. دەستی بە ترسەوە، بەم لاو و بەولادا کوتا، هیچی بەردەستی نەکەوت. لێفەکەی بە توندی فڕێ دا و هەستا دانیشت. هیچی نەدی. یەکە یەکە نوێن و بانی پشکنین، هیچی بەر چاو نەکەوت. ژێر قەرەوێڵەکەی گەڕا. قەراخ و قوژبنی ماڵی، سەنگ و سووژن دا، هیچی نەدۆزیەوە!

ـ« خەونم دیوە »!

خۆی پۆشتە کردەوە و لە ماڵ وەدەرکەوت!

❋❋

شەو، دووبارە هەستی کرد؛ مارەکە لە سەر سنگی پاپۆکەی خواردۆتەوە! وەک شەوی گۆڕین، چاوە زەردە گەشەکانی، لە چاوی بڕیوەتەوە!

دووبارە کەوتە سەیری دەم و چاوی مارەکە. بێ جووڵە.

ماوەی سەعاتێک هەر نەبزووت. پاشان وردە وردە کەوتە دەست لێ کوتانی مارەکە! دەستی بە کلک و پشت و سکی مارەکە دا هێنا. وەک نەوازشێکی بە ئەسپایی!
مارەکە هەروا وەک سەنگی مت، دەیڕوانیە چاوەکانی!
غیرەتی وەبەر خۆی نا و تۆزێک سەری لار کردەوە! مارەکەش وەک وێنەی ناو ئاوێنە، سەری لار کردەوە.
ئەم سەری بەم لاو بەو لادا دەگێڕا، مارەکەش هەروای دەکرد.
وردە وردە مانوو بوو. هەروا کە چاوی لە چاوی مارەکە بڕیبوو، خەوی لێ کەوتەوە!

❋❋

شەوی دواتر و شەوانی تر وردە وردە دەگەڵ مارەکە ڕاهات. ئەمجار دەستی بەرسەری مارەکەش دا دەهێنا! مارەکەش، وەک حەیوانێکی ماڵی، سەری لە لاچاو سەر و ملی ئەو هەڵدەسوو!

❋❋

ئەم دۆستایەتیە بە شێوەیەک ڕیشەی داکوتا کە هەموو شەوێ چاوەڕوانی مارەی دەکرد! ئەم نهێنیەشی دەگەڵ کەس، باس نەدەکرد.
دەگەڵ دۆستانی کەمتر دەگەڕا. ڕۆژانەش هەر دەفیکری مارەکە دابوو.
ماوەی دوومانگ هەموو شەوێ مارەکەی دەدی و تا درەنگان دەگەڵی دەدوا!
دایک و باوکی دەیانگوت:
ئەو کوڕە هیچی وەک لاو و جەحێڵی تر ناچێ! هەر دێتەوە و دەچێتە دیوەکەی خۆی. دەرگا لەسەر خۆی دادەخا و چراکەی دەکوژێنێتەوە!
پووری بە دایکی دەگوت :
ئەو کوڕە شێت بووە! بیبەنە « کاژێ » تا چاک وەبێ!
هاوکارانی لە ئیدارە دەیان گوت :
زۆر جاران دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێ و چاوەکانی دەبڕێتە شوێنێکی نادیار و بێ چرپە لە جێیەک ڕادەمێنێ!
خوشکەکەی دەیگوت:
زۆر شەوان لە پشت دەرگاوە خۆم مەڵاس دەدەم و گوێ هەڵدەخەم! گوێم لێ دەبێ دەگەڵ خوی قسە دەکا. گۆرانیش دەڵێ. گۆرانی دڵدارانە! براکەم شێت نەبوە! عاشقە!

❋❋

شەقام و بازاڕی شار دەگەڕا و لە هەر جێیەک وێنە یا پەیکەری گێچ و دارینەی ماری لێ بایە، دەیکڕی و دەی هێنایەوە!
دیوارەکانی ماڵەوەی بە وێنە و پەیکەری مار ڕازاندبۆوە! ماری سەیر سەیر! ترسێنەر! پیاوی پیاو ئاسایی لە دیتنی ئەو هەموو پەیکەر و وێنەی مارە، زەندەقی دەچوو جا چ بگا بە خوشکەکەی کە هەر نەیدەوێرا توخنی دیوەکەی براکەی کەوێ!

❋❋

پاش سێ مانگان، کوت و پڕ مارەکە ون بوو! ڕۆی! ڕۆیی و نەهاتەوە!
هەموو شەوێ تا درنگان ،تا لای مەلا بانگ دانی بەیانی،چاوەڕوان دەبوو. مارەکە نەهاتەوە کە نەهاتەوە. وای لێ هاتبوو ڕۆژانە لە دایرەی کارەکەی، سەری مانوو و بێ خەوی دەکردە سەر مێزەکە و خەوی لێ دەکەوت.

زۆر جار لە سەر ئەو خەو لێ کەوتنانە، کە بەرهەمی شەو بێداری و شەو نخوونی بوو، دەگەڵ ڕەئیسەکەی دەبوو بە کێشە و مشت و مڕیان!

❋❋

لەو ئاخیرانە دا لە سەر نامەی ئەو کەسانەی دەهاتنە لای تا کارەکەیان جێ بە جێ بکا، لە جیاتی ئیمزا، وێنەی ماری دەکێشاوە!

❋❋

منداڵی گەڕەک، وەشوێن پیاوێکی لاوازی جلک دڕاوی چڵکن کەوتبوون. دەیان گوت مارێکی لە گیرفان دایە! پیاوەکە، کە کردەوەی لە شێتان دەچوو، جار جارە دەگەڕایەوە و مارەکەی دەردێنا و شوێن منداڵەکان دەکەوت و دەی ترساندن!

❋❋

شەوانە لە کەلاوەکانی دەرەوەی شار دەخەوت.
دەیانگوت:شەوانە هەر چی ماری ئەو ناوەیە دێن و دەورەی دەگرن! مارەکان وەلەشی هەڵدەگەڕێن و لەسەر شان و سەری پاپۆکە دەخۆن!
«سەیرە هیچ مارێک پێی وەنادا»!

❋❋

منداڵەکان دەڵێن: شێتی ماران، شێتێکی بێ زەرەرە! لە هەر شوێنێک بێ، هیچ مارێک بە هیچ کەسەوە نادا!
گەورەکان، قسەی منداڵەکان باوەڕ ناکەن!

❖ کاژێ: گوندێکە سەر بە ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشت. لەو گوندە زۆر کەسانی شێت بە شێوەی خۆماڵی تیمار دەکرانەوە و چاک دەبوونەوە



**ئەنجومەنی ئەدەبیی هاژەی کۆخان. گوڵانی ١٣٨٣ ی هەتاوی**



**شنۆ . گەلاوێژی ١٣٨٦ ی هەتاوی . کۆبوونەوەی شاعیران و نووسەرانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، بانە، پیرانشار و شنۆ**